


# قەیوم

## بەربەستی بەردەم شارەوانییەکانی کورد لە تورکیادا

گەیلان عەباس

بڵاوکراوەی سایتی سبەی

# قەیوم

# بەربەستی بەردەم شارەوانییەکانی کورد لە تورکیادا

## نوسین و ئامادەکردنی: گەیلان عەباس

## بڵاوکراوەی سایتی سبەی

https://www.sbeiy.com

پێڕست


دەستپێک ........ ١
بەیاسایکردنی بڕیارەکانی قۆناغی باری نائاسایی تورکیا ........ ٣
قەیوم چییە ؟ ........ ٥
بەیاسایی کردنی قەیوم لە تورکیادا ........ ٦
قەیوم میکانیزمی پەراوێزخستنی کورد لە ئێستاو رابردودا ........ ٧
قەیوم لەسایەی سیستەمی سەرۆکایەتی تورکیادا ........ ١٠
ئۆپەراسیۆنەکانی ١٩ ئاب دژ بە شارەوانیەکانی هەدەپە ........ ١٢
لێکەوتەکانی پاش بە قەیوم کردنی شارەوانییەکان ........ ١٨
کاردانەوەکانی لادانی سەرۆک شارەوانییەکان ........ ٢٤
دەرئەنجامی دۆخەکە ........ ٣٢
سەرچاوەکان ........ ٣٤

## دەستپێک

بەرەبەیانی رۆژی ١٩ی ئابی ٢٠١٩، وەزارەتی ناوخۆی تورکیا، هەڵمەتێکی لەژێر ناوی سرینەوەی تیرۆر لەباکوری کوردستان دەستپێکرد. لەو هەڵمەتەدا وەزارەتی ناوخۆ بەبریاری سەرۆک کۆماری تورکیا، سەرۆکی سێ گەورە شارەوانی (ئامەد، وان و ماردین)ی هەدەپەی لە لەکارەکانیان دورخستەوە. دواتر هێزە ئەمنیەکانی تورکیا باڵەخانەی شارەوانی هەرسێ شارەکەیان کۆنترۆڵکردو لەوێشەوە دەستیان کرد بە رەشبگیری و دەستگیرکردنی ئەندام و چالاکانی هەدەپەو دەبەپە.

هەمان رۆژ بە فەرمانێکی وەزاری و پشت بەست بەیاسای قەیوم، پارێزگاری هەرسێ شارەکە، بە وەکالەت، وەک قەیوم (نوێنەری دەوڵەت)، لەجێگای سێ سەرۆک شارەوانیەکەی هەدەپە دانران.

ئەم هەنگاوانەی حکومەتی تورکیا لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەی تورکیا کاردانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. لەباکوری کوردستان بەدیاریکراویش لەو سێ پارێزگایە، خۆپیشاندان و نارەزایەتی دژی حکومەتی تورکیا دەستیپێکردو لابردنی سێ سەرۆک شارەوانیەکەیان بەکودەتاو دەستدرێژی بۆ سەر دەنگ و ئیرادەی هاوڵاتیان وەسفکرا.

لەلایەکی دیکەوە کەساتیە سیاسی و یاسایەکانی تورکیا، هاوشانی پارتە ئپۆزسیۆنەکانی ئەو وڵاتە بەهەمان شێوە نارەزایەتیان دژ بە هەنگاوەکانی حکومەتی تورکیا نیشانداو رێوشوێنی لادانە سەرۆک شارەوانیەکانیان بە کردەیەکی نایاسایی و دژە دیموکراسی و مافی خەڵک لەقەڵەمدا.

نارەزایەتیەکان هەر لەم ئاستەدا نەوەستان تەنانەت، وڵاتانی ئەوروپی و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و سەندیکا و رێکخراوەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ و کەسایەتیە سیاسیە ئەوروپییەکان، لەسەر هەمان پرس هاتنە دەنگ و بەهەمان شێوە نارەزایەتیان دژی بریارەکانی حکومەتی تورکیا بەرزکردەوە.

لەمیانەی ئەم راپۆرتەدا هەوڵدەدەین، بەوەردی لەسەر ئەم رەهەندە بوەستینەوە، بەتایبەتیش پەیوەست بە پرسی قەیوم لەتورکیادا، لەگەڵ میکانیزم و بەربەست و ئاستەنگەکانی بەردەم شارەوانیەکانی کورد لە ئێستاو رابردودا، لەگەڵ باسکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی چەند رۆژی رابردوی حکومەتی تورکیا دژ بە شارەوانیەکانی باکوری کوردستان و کاردانەوە لێکەوتەکانی بریارەکە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی تورکیا، لەگەڵ پێشبینی کردن بۆ ئایندەی دۆخی شرەوانیەکانی تورکیا. لە سایەی بریارو یاسا کارپێکراوەکانی ئەو وڵاتە، لەسەردەمی قۆناغی باری نائاسایی تورکیا لەساڵی ٢٠١٦ەوە تا ئێستا.

## بەیاسایکردنی بڕیارەکانی قۆناغی باری نائاسایی تورکیا

دوای پێنج ڕۆژ لە هەوڵی کودەتاکە شکستخواردوەکەی شەوی ١٥ی تەموزی ٢٠١٦ی تورکیا. پێنج ڕۆژ دواتر، لە پەرلەمانی تورکیا بەپێی مادەی ١٢٠ی دەستور، بۆ ماوەی ٩٠ ڕۆژ باری نائاسایی لەتەوای تورکیادا ڕاگەیاند.

لەوبەرووارەوە باری نائاسایی دەستیپێکردو ماوەی دو ساڵ بەردەوامی هەبو. دواجار لە لەشەوی ٢٠ی تەموزی ٢٠١٨ دوای حەوت جار درێژکردنەوەی، کۆتایی پێهات.

لە ماوەی دوساڵی باری نائاساییدا ٣٦ بڕیار و ڕێنمایی و یاسا لە جێێ یاسا کارپێکراوەکانی تورکیا دەرچوێندران. دوان لەو یاسایانەش یاسای قەیوم و یاسای ئاسایشی نێوخۆی تورکیا بون.

یەک مانگ دوای هەوڵی کودەتا سەربازییەکە، پەرلەمانی تورکیا لە ڕێکەوتی ١٤ی ئابی ٢٠١٦ دەنگیدا لەسەر (پرۆژە یاسای قەیوم) و دوابەدوای ئەو بەرووارە قەیوم و چەند بڕیارو ڕێنماییەکی دیکە لەماوەی باری نائاسایدا کاریان پێکرا.

لە ڕۆژی ٢٠ تەموزی ٢٠١٨دا، لەگەڵ تەواوبونی قۆناغی باری نائاسایی، لەپەرلەمانی تورکیا (یاسای ئاسایشی نێوخۆ) دەرچوێندرا. لەو بەرووارەوە تا ئێستا، ئەم یاسایەش لەپاڵ یاسای قەیوم و یاسای ڕوبەروبونەوەی تیرۆر و یاسای شارەوانیەکان و بەندە دەستوریەکانی پەیوەست بەقەیوم، لە تورکیادا کاریان پێدەکرێت.

بەمجۆرە لەژێر سێبەری ئەم یاسایانەو لەچوارچێوەی ڕێوشوێنە ئەمنیەکانی باری نائاسایدا، هەزاران کەس بەتۆمەتی تیرۆر و بەشداری و پشتیوانی کودەتا، سزادران، چ بەدروخستنەوەیان لەئەرک و پیشەکانیان، چ بە دەستگرتن بەسەر پۆستەکنیان و دانانی قەیوم لەجیگەیان، چ بەدەستگیرکردن و ڕوبەروکردنەوەی دادگاو زیندانیکردنیان.

بەرەبەیانی ١٩ی ئاب ئۆپەراسیۆنی هێزە ئەمنیەکانی تورکیا لە بەردەم باڵەخانەی گەورە شارەوانی ئامەد



## قەیوم چییە ؟

قەیوم زاراوەیەکی یاساییە، لەبنەرەتدا لە زاراوەی (القیم)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە. (القیم)یش زاراوەیەکی شەرعییەو لە یاسا جۆراوجۆرەکانی وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبیدا بەکارهێندراوە.

بۆنمونە قەیم (القیم) لە (یاسای چاودێری ناکامەکان- قانون رعایە القاصرین)ی ژمارە ٧٨ی ساڵی ١٩٨٠ی عێراقیدا هاتووەو لەهەرێمی کوردستانیشدا بەرکارەو بەم جۆرە باسی قەیمی کردوە "قەیم، ئەو کەسەیە کە بەبریاری دادوەر، وەک نوینەرێکی یاسای دادەنرێت بۆ راپەراندنی ئیش و کارو مامەڵە داراییەکانی کەسی ناکام (القاصر)١". هاوکات لەیاسای سزادانی عێراقی و یاسای شارستانی و چەند یاسایەکی دیکەی عێراقیشدا ئاماژە بۆ دەستەواژەی قەیم کراوە.

بەڵام ئەوەی لە تورکیادا بەکاردێت زاراوەی قەیوم (Kayyum)ە. قەیوم لەتورکیادا بە واتای (دەستبەسەرداگرتن- المصادرە) بەکاردێ، هەندێکی دیکەش بەواتای (خۆسەپاندن یان خۆسەپێن) بەکاری دەهێنن. لەناوەرۆکیشدا بە واتای گوزارشت کردن دێت لە دانانی کەسێك یاخود رێ پێدراوێکی حکومەت، لەلایەن دامەزراوەیەك یاخود بەرپرسانی باڵای دەوڵەتەوە، لەسەر کۆمپانیایەك یاخود دامەزراوەیەک، ئەوەش دوای ئەوەی ئەو ناوەندو دامەزراوەیە تۆمەتبار دەکرێت، بە ئەنجامدانی کارێکی نایاسایی دژ بەدەوڵەت.

تایبەت بە پرسی شارەوانییەکان لە تورکیادا (قەیوم) واتە "نوێنەرانی دەوڵەت (نائب الدولە- وکلاء الدولە)". قەیومەکانیش کەسانی راسپێردراوی دەوڵەتن، کە حکومەتی تورکیا لە دەرەوەی هەڵبژاردنەکان، بە دامەزراند و فەرمانێکی وەزاری، دایاندەنێت، لەجێگەی سەرۆکی شارەوانیەکە. ئەوەش بەمەبەستی راپەراندنی کاروباری شارەوانیەکە، دوای ئەوەی سەرۆکی ئەو شارەوانی و ناوەندە لەپرسێکی نایاساییەوە دەگلێت لە نمونەی (تیرۆر و گەندەڵی، یاخود پلاندانان دژ بە ئاسایشی نەتەوەیی وڵات ...).

لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە بڵێین، زاراوەی قەیوم لەتورکیادا، لەرِوی واتاو گوزارشت لێکردنەوە، تارادەیەک بەکارهێنانەکەی جیاوازترە، لەبەکارهێنانی ئەو زاراوەی (القیم)ەی لەتەشریعی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا هەیە.

قەیوم لە تورکیادا زیاتر بۆ پرسە ئیداری و سیاسییەکان بەکاردێت، نەک پرسەکانی پەیوەست بە یاسای شارستانی و یاسای سزادان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند خاڵێکی هاوبەش هەیە لەنێوان

---

١ . القاصر: ناکام: لەمادەی ٣ برگەی ٢ی یاسای چاودێری ناکەمەکاندا بەم جۆرە باسی کەسی ناکامی کردوە "کەسی ناکام واتە (کۆرپەلە لەسکی دایکیدا،منداڵ پێش ئەوەی هەژدە ساڵ تەواو بکات، هەروەها کەسێک کە ئەهلیەی تەواو نییە یان هەر نیەتی،هەروەها کەسێک کە غایبە، یان بێ سەرو شوێنە... یاخود هەرکەسێک کە ناتوانێت وەک پێویست گوزارشت لە ئیرادە خۆی بکات و ئەرک و واجباتەکانی خۆی راپەرینێت).

(قەیوم و قیم)دا، ئەویش ئەوەیە کە هەردوکیان ڕێپێدراوی یاساین و دەسەڵات (دادگا) فەرمانیان بۆ دەردەکات، لەجێگەی کەسێکی دیکە کە ناکامە، یاخود ناتوانێ بەپێی یاسا کارەکانی راپەرێنێت. بەو جۆرەش (قەیوم- قەیم) لەجێگەی دادەنرێت بۆ رایکردنی کاروبارەکانی.
بەڵام ئەوەی لێرەدا رونە ئەوەیە کە دەستەواژەی قەیومی تورکی، سەرئەنجام ئیلهامی واتایی، لە دەستەواژەی قەیمی عەرەبییەوە وەرگرتوە.

## بەیاسایی کردنی قەیوم لە تورکیادا

بەر لەدەرچونی یاسای قەیوم، لەتورکیادا بۆ دانانی قەیومەکان پشت دەبەسترا بە (یاسای تیرۆر، یاسای شارەوانییەکان، دەستوری ١٩٨٢ی تورکیا).
بۆ نمونە پشت دەبەسترا بە مادەی ١٣٣ ی یاسای روبەروبونەوەی تیرۆر لەتورکیا کە ساڵی ٢٠٠٥ دەرچوە، کەتیایدا هاتوە "گەر دامەزراوەو کۆمپانیایەک خاوەندارێتی کرا لەلایەن کەسێکی تیرۆرستەوە، یاخود کەسێکی تیرۆرستی پشکی تێیدا هەبو، ئەو ناوەندە لەلایەن دەوڵەتەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت و دەستەیەک لەلایەن دەوڵەتەوە وەک قەیوم لەسەری دادەنرێت".

لە یاسای شارەوانیەکانی تورکیاشدا لەمادەی ٤٥-٤٧ی یاساکەدا باس لەرێوشوێنەکانی چۆنیەتی دانان و لابردنی دەسەڵاتە خۆجێیەکانی تورکیاو دانانی قەیوم کراوە.
لەلایەکی دیکەوە بەگوێرەی مادەی ١٢٧ی دەستوری تورکیا کە تایبەتە بە کاروباری شارەوانییەکان لە تورکیادا، تیایدا هاتوە "دوای لێکۆڵینەوەی دادوەری و تێوەگلانیان لەکاروباری نایاسایی پەیوەست بە پیشەو ئەرکەکانیان، وەزیری ناوخۆ دەتوانێت نوێنەرانی حکومەتە خۆجێیەکان لەکار دوربخاتەوە، لەجێگاشیان (نائب – وکلاء) واتە قەیوم دادەنرێت، ئەوەش بەمەبەستی رایکردنی ئەرک و کارەکانیان بەشێوەیەکی رێکخراو، لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و پرکردنەوەی پێداویستی هاوڵاتیان لە شارو ناوچە جیاوازەکاندا". ئەم مادە دەستورییەش کەباس لەنوێنەرە خۆجێیەکان دەکات، زیاتر تایبەت بو بەرێوەبەری ناحیە، قائیمقام و (والی) پارێزگارەکانی شارەکان، بەوپێیەی ئەمانە بەبێ هەڵبژاردن، بە فەرمانی وەزاری دادەنرێن و وەزیریش دەتوانێت لایانببات. بەڵام سەرۆک شارەوانییەکان بەوپێیەی بەهەڵبژاردن لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن، نەدەچونە ئەم چوارچێوەیەوە. بەڵام بەرپرسانی تورکیا پشت بەست بەیاسای قەیوم و دۆخی باری نائاسایی تورکیا، ریزپەریان لەم حاڵەتەدا کردو سەرۆکی شارەوانی و ئەندامە ئەنجومەنە خۆجێیەکانیشیان خستە هەمان چوارچێوەوەو بریاری دورخستنەوەیان بۆ دەرکردن.

یەک مانگ دوای کودەتاکەی ١٥ تەموزی ٢٠١٦ تورکیا، یاسای قەیوم لە ١٤ئابدا لەپەرلەمانی تورکیا بەدەنگی ئەکەپەو مەهەپە دەرچوێندرا. لەوکاتەشەوە یاساکە لەپاڵ یاسای تیرۆر، لەماوەی باری نائاسایدا کاری پێکرا.

دیارترین خاڵی یاسای قەیوم پەیوەست بە پرسی شارەوانییەکان ئەوەی تێدایە "هەمو ئەو سەرۆک شارەوانیانە لەکار دوردەخرێنەوە، کە پشتیوانی و پشتگیری لە رێکخستنە تیرۆریستیەکان کردوەو دەکەن".

هاوکات یاساکە دەسەڵاتی بە وەزارەتی ناوخۆ داوە بۆ دورخستنەوەی سەرۆک شارەوانییەکان و دانانی کەسانی دیکە لەجێگەیان، کە لەلایەن دەوڵەتەوە دەستنیشانکراوە دادەمەزرێنرێت.

لە شارۆچکە و ناوەندەکانی دیکەشدا بەپێی یاساکە، پارێزگار (والی) دەسەڵاتی ئەوەی پێ بەخشراوە، بەهەمان رێوشوێن مامەڵە لەگەڵ بەرێوبەرو فەرمانبەرە خۆجێیەکانیدا بکات.

## قەیوم میکانیزمی پەراوێزخستنی کورد لە ئێستاو رابردودا

لەگەڵ دەرچونی یاساکە لەپەرلەمانی تورکیا، بەرپرسانی هەدەپە و دەبەپە رایانگەیاند "دەرکردنی ئەو یاسایە لەو کاتەدا بە تایبەت بۆ ئەوان دەرکراوە، بۆ ئەوەی سەرۆک شارەوانییەکان و جێگرەکانیان و ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی لەکار دور بخرێنەوە".

ئەوەبو دوای چەند مانگێک لەکودەتاکەو پاش دەستگیرکردن و دورخستنەوەی لایەنگرانی بزوتنەوەی خزمەت لەسەرجەم دام و دەزگاکانی دەوڵەت، دواتر نۆرەی کوردەکان هات. ئەوەبو چوارمانگ دوای کودەتاکە، چالاکانی کورد کەوتنە نێو بۆسەی دەزگا ئەمنییەکانی تورکیاوەو، پۆل پۆل دەستگیرکردن و سزادانی ئەندام و لایەنگرو پەرلەمانتارو سەرۆک شارەوانییە کوردەکان دەستی پێکرد.

ئەوکات پارتی دیموکراتی هەرێمەکان (بەدەپە) لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٣٠ ئازاری ٢٠١٤، لەباکوری کوردستان ١٠٢ سەرۆک شارەوانی بەدەستهێنابو. لەدیارترینیان شارەوانییەکانی (ئامەد، دێرسیم، ماردین، باتمان، جولەمێرگ، ئاگری، ئیدر، وان ، شرناخ وسێرت و ٩١ ناوچەی تری) باکوری کوردستان بو. بەڵام دوای چوار مانگ لەوهەڵبژاردنە، دادگای دەستوری تورکیاوە بریاری داخستنی بۆ بەدەپە دەرکرد. لەوکاتەشدا چالاکوانانی سیاسی کورد بەشێکیان رویان کردە پارتی (پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان- دەبەپە) کە لە ساڵی ٢٠٠٨ دروستکرابو، بەشێکی دیکەشیان رویانکردە (پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە)کە لەساڵی ٢٠١٢ دامەزرابو.



Sbeiy .com

بەم جۆرە لەگەڵ دەرچونی یاسای قەیوم، یەک مانگ دواتر، سەرۆک شارەوانیەکانی ئەوکاتی (دەبەپە) کەوتنە بەر هەڵمەتەکانی قۆناغی باری نائاسایی تورکیا.

یەکەم هەنگاو لە بڕیارنامەی ژمارە ٦٧٤ی ئەنجومەنی وەزیرانی تورکیاوە دەستی پێکرد. ئەوەبو ڕۆژی ١١-٠٩-٢٠١٦ وەزارەتی ناوخۆی تورکیا بڕیاری دورخستنەوەی بۆ ٢٨ سەرۆک شارەوانی هەڵبژێردراوی باکوری کوردستان دەکردو لەجێگەیان ٢٨ قەیومی دانا. لەو ژمارەیەش فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ ١٢ سەرۆک شارەوانی دەرکرد بەتۆمەتی ئەندامبون و پشتگیری لە پەکەکە.

لەم نێوانەشدا ئەندام و لایەنگرانی هەردو پارتی (دەبەپەو هەدەپە) کەوتنە بەر شاڵاوی دۆخی نائاسایی و ئۆپەراسیۆنەکانی هێزە ئەمنییەکانی تورکیا، بە پاساوی ئەندامێتی و لایەنگری کردنی پارتی کرێکارانی کوردستان پۆل پۆل لەسەرکارەکانیان دوردەخرانەوەو دەستگیرکران.

دۆخەکە هەر لەم ئاستەدا نەوەستا بەڵکو دەستکرا بە دەستگیرکردنی سەرۆک شارەوانییەکان و لەماوەیەکی کەمدا نزیکەی ٥٩ هاوسەرۆک شارەوانی کورد لە باکور دەستگیرکران، کە ٢٥ هاوسەرۆکیان ئافرەت بون و بڕیاری زیندانیکردنیش بۆ ٧ هاوسەرۆکیان دەرکرا.

(ئەحمەد تورک) یەکەمین سەرۆک شارەوانی بو کە لە ٢١ تشرینی دوەمی ٢٠١٦،لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی تورکیاوە دەستگیرکرا. دەستگیرکردنی ئەحمەد تورک دوای ئەوە هات کە ڕۆژی ١٧ی تشرینی دوەم ناوبراو لە پۆستی هاوسەرۆک شارەوانی مێردین دورخرابویەوە.

دوەم گەورەشارەوانی باکور کە بەر هەمان شاڵاو کەوت شارەوانی ئامەد بو. ئەوەبو لە شەوی ٢٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦دا هەریەک لە (گوڵتان کشاناک و فورات ئانلی) هاوسەرۆکانی ئەوکاتی شارەوانی ئامەد دەستگیرکران. دوای پێنج ڕۆژیش لە دەستگیرکردنیان دادگای ئامەد بڕیاری زیندانیکردنی بۆ دەرکردن، ڕۆژێک لە دوای بڕیارەکە دورخرانەوە بۆ زیندانی کۆجائەلی لە باکوری ڕۆژئاوای تورکیا.

بەم شێوەیە لەکۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٦دا هەریەک لە گەورە شارەوانییەکانی باکوری کوردستان (ئامەد، مێردین، وان و شارەوانییەکانی دیکەی ...) لە دەستی کورددا دەرهێندران. لەماوەی دو ساڵی باری نائاسایشدا، پشت بەست بەیاسای قەیوم، حکومەتی تورکیا، زۆرترین شارەوانی لەژێر دەستی نوێنەرانی کورد دەرهێنا.

لەوبارەیەشەوە وەزارەتی ناوخۆی تورکیا لە مانگی ئایاری ٢٠١٨دا ڕایگەیاند "لە کۆی ١٠٢ سەرۆک شارەوانی هەدەپە، ٩٤یان لە کارەکانیان دورخراونەتەوە". لەنێویشیاندا هەر هەر سێ سەرۆکی شارەوانی گەورەی (ئامەد، ماردین و وان)، لەجێگەشیان نوێنەرانی حکومەت (قەیوم)ی دانران.

دواتر هەدەپە لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ٣١ ئازاری ٢٠١٩ توانی ٥٨ شارەوانی لەباکوری کوردستان بەدەست بهێنێت، لەو ژمارەیەش توانی هەرسێ شارەوانییە گەورەکەی باکوری کوردستان بباتەوە (ئامەد، وان و مێردین).

لە ئامەد بەربژێرەکەی هەدەپە (عەدنان سەلجوق مزراکلی) توانی بەرامبەر رکابەرەکەی لە ئاکپارتی بە بەدستهێنانی رێژەی ٦٢٪ دەنگەکان کورسی سەرۆکی گەورە شارەوانی ئامەد مسۆگەر بکات. لە وان (بەدیعە ئۆزگۆکچە ئەرتان) بەبەدستهێنانی رێژەی ٥٣٪ دەنگەکان سەرکەوتن بەسەر راکابەرەکەی لە ئاکپارتی بەدەستهێناو کورسی سەرۆکی گەورەشارەوانی وانی بەدەستهێنا. هاوکات لە مێردین (ئەحمەد تورک) بە بەدەستهێنانی رێژەی ٥٦٪ دەنگەکان شکستی دوچاری رکابەرەکەی لە ئاکپارتی کردو بەهەمان شێوە کورسی سەرۆکایەتی گەورە شارەوانی مێردینی بەدەستهێنا.

سەرئەنجام لەگەڵ بەدەستهێنانی ئەم ئەنجامانە لەلایەن بەربژێرەکانی هەدەپەوە بەڵام تەنها دوای چوار مانگ ئاکپارتی پشت بەست بەدەسەڵاتەکانی و یاسای قەیوم، هەرسێ سەرۆکی گەورە شارەوانیەکەی بە پاساوی تیرۆر لەکاردورخستەوە.

سەرۆکانی شارەوانی هەدەپە

(ئەحمەد تورک-ماردین، بەدیعە ئۆزگۆکچە ئەرتان-وان، عەدنان سەلچوک مرزاکلی- ئامەد)



## قەیوم لەسایەی سیستەمی سەرۆکایەتی تورکیادا

لەدوای هەڵبژاردنەکانی ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠١٨و بەرکاربونی سیستمی سەرۆکایەتی لە تورکیادا، هاوشێوەی دەسەڵاتەکانی دیکەی، پرسی شارەروانییەکانی تورکیا، بەدەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆماری تورکیاوە گرێدرا. واتە راستەوخۆ دەسەڵات و بەرپرسیارێتی سەرۆك شارەوانیەکان لەوەزارەتی ناوخۆوە بە پلەی یەکەم گواسترایەوە بۆ سەرۆک کۆماری وڵات. بەگوێرەی دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆماری تورکیا دوای لێکۆڵینەوە بە بریارێک دەتوانێ سەرۆک شارەوانییە هەڵبژێردراوەکان لە کار دوربخاتەوەو قەیوم بخاتە جێگایان. واتە سەرۆك شارەوانیەکان، بەپلەی یەکەم لەبەردەم سەرۆک کۆماردا بەرپرسن، دواتر وەزارەتی ناوخۆ. بەم جۆرەش سەرۆک کۆمار مافی راستەوخۆی هەیە بۆ لێپرسینەوەو دەستێوەردانی کاروباری ناوخۆی شارەوانییەکانی تورکیا کە هەرکات بخوازێت.

ئەمەش ئاماژەیەکی رون بو بۆ ئەوەی لەدوای هەڵبژاردنە شارەوانیەکانی ٣١ی ئازاری ٢٠١٩ هەرکات بەپیوسیتی زانی، سەرۆک کۆماری دەتوانێت بەپاساوی تیرۆر، پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ سەرۆک شارەوانیەکان بکاتەوە لەسەر کار لایان بەرێت.

یەک مانگ دوای دەستبەکاربونی (رەجەب تەیب ئەردۆغان)، لە سایەی سیستەمی سەرۆکایەتیدا، ئەوەبو لەشەوی٢٠ تەموزی ٢٠١٨دا ماوەی باری نائاسایی کۆتای پێهات. بەڵام ئاکپارتی لەبەرەبەیانی ئەو رۆژەدا لەرێگەی دەنگدانیان لەپەرلەمان بە پرۆژەیاسایەک، گرەنتیان بەدەستهێنا بۆ جێگرەوەی ئەو دەسەڵاتانەی کەلە چوارچێوەی قۆناغی باری نائاساییدا مومارەسەیان دەکردن. لەوپێناوەشدا رۆژی هەینی ٢٠ تەموزی ٢٠١٨ پرۆژە یاسایی "ئاسایشی نێوخۆیی"، لە پەرلەمانی تورکیا خرایە دەنگدانەوە. ئەکەپە و مەهەپە بە بەڵێ دەنگیان بۆدا، لەبەرامبەردا هەریەکە لە پارتەکانی جەهەپە، هەدەپە و ئیی پارتی بە نەخێر دەنگیان پێدا. سەرەنجام پرۆژە یاساکەی ئەکەپە پەسندکراو، یاساکە جێگەی باری نائاسایی تورکیای گرتەوە.

لای خۆیانەوە لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان پرۆژەکەی ئەکەپەیان بە درێژەدان و بەردەوامبونی باری نائاسایی لە تورکیادا وەسفکرد بەو پێیەی لە پرۆژەکەدا هاتبو:

١. بۆ ماوەی سێ ساڵ چەند دەسەڵاتێکی وەک (قەدەغەی هاتوچۆ، قەدەغەی دامەزراوە میدیاییەکان و سنورداركردنی چالاکی و میتینگەکان)ی خستەوە دەستی دەسەڵات.

٢. پارێزگارەکان دەسەڵاتی ئەوەیان پێدرا کە هاتن و چون لە سنوری پارێزگاو شارۆچکەکان قەدەغە بکەن، لەگەڵ قەدەغە کردنی هەر کار و چالاکییەکی مەدەنیی، رێپێوان و خۆپیشاندانێک، کە بە گونجاویان نەزانی.

٣. پارێزگاری هەر پارێزگایەک دەتوانێت لەماوەی ١٠ ڕۆژدا بڕیاری داختسنی هەر دامودەزگای کۆمەڵگای مەدەنیی و وەرزشیی و کەسیی دەربکات.
٤. وەزارەتی ناوخۆ دەتوانێ پشت بەست بەم یاسایە لەریگای پارێزگارەوە، دەست بەسەر شارەوانیەکاندا بگرێت و لەجێگەی شارەدارەکان قەیوم دابمەزرێنێت.
٥. بەپێی یاساکانی پێشو، هەر نوێنەرێک کە بە بڕیاری حکومەت لە شوێنێک دادەنرا کە دەستی بەسەردا گیرابو، تەنها ٣ ساڵ بۆی هەبو لەو پۆستەدا بمێنێتەوە، بەڵام بەپێی ئەم یاسایە، ئەوکەسە لەو شوێنەدا دەمێنێتەوە، تا ئەو کاتەی کە ئەو دامەزراوەیە بە دەست بەسەرکراوی دەمێنێتەوە.
٦. یاساکە بە بەکارهێنانی یاسای سزادانی تورکیا و یاسای ڕوبەڕو بونەوەی تیرۆر، ماف و ئازادی خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕین دەکاتە ئامانج.
٧. بە بەکارهێنانی یاسای ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆر و پاش ڕەزامەندی دادوەر، بەگومانی تیرۆر دەتوانرێت کەسی گومانلێکراو دەستبەسەر بکرێت.

بەمشێوەیە سەرەرای نارەزایەتی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان، بەڵام ئاکپارتی گرەنتی بۆ قۆناغی دوای باری نائاسایی تورکیا وەرگرت و لەپاڵ یاسای قەیوم و یاسای ئاسایشی نێوخۆ و یاسای تیرۆر، دەستیکرایەوە بۆ ئەوەی لەهەرکاتێکدا خواستی هەبو، لەرێگای یاساوە نەیارەکانی روبەروی دادگاو سزای لەسەرکارلادان و دەستگیرکردن بکاتەوە.

دۆخەکە هەر لەم ئاستەدا نەوەستاوە، ئەوەتا یەک مانگ دوای دەرچونی ئەم یاسایە، لەمانگی ئابی ٢٠١٨ بڕیارو مەرسومی ژمارە (١٧)ی سەرۆک کۆماری تورکیا لە ڕۆژنامەی فەرمی تورکیادا بڵاوکرایەوە. ئەم بریارەی سەرۆک کۆمار پەیوەست بو بە پرسی بودجەو داهاتی شارەوانییەکان بۆ مەبەستی بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەو ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی شارەوانییەکان. لەناوەرۆکی بریارەکەدا هاتبو "لەدوای بەڕێوەچونی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا بودجەی شارەوانیەکان دەبەسترێتەوە بە بودجەی گشتی تورکیاوە". ئەمەش واتە بە مەرکەزی کردنی بودجەو داهاتی تورکیا. هاوکات لەبودجەی ساڵانەی تورکیاشدا بۆ ساڵی ٢٠١٩ بودجەی شارەوانییەکان لە ڕێژەی ١٥٪ بۆ ١٢,٩٪ کەمکرایەوە.
بەم جۆرەش لەدوای هەڵبژاردنەکانی ٣١ ئازار، شارەوانییەکان پشتیان بەست بە هاوکاری دارایی حکومەتی ناوەندو وەزارەتی دارایی تورکیا.

ئەم هەنگاوەش لەئاکامدا ئەوەی لێچاوەروان دەکرێت، کە ئەگەر سەرۆک شارەوانیەکانی هەدەپەو پارتەکانی دیکەی وەک جەهەپە، بە قەیوم لانەبرێن یاخود فشاریان بۆ دروست نەکرێت، ئەوا سەرۆک کۆمار یاخود وەزارەتە بەرپرسەکان، لەنمونەی وەزارەتی دارایی، بەم رێگەیەش دەتوانن سەرئێشە و کێشە بۆ شارەوانی پارت ئۆپۆزسیۆنەکانی ئەو وڵاتە دروست بکەن.

دواجار روداوەکانی ١٩ئابی ٢٠١٩، کەخۆی بینییەوە لە دورخستنەوەی سەرۆکی سێ گەورە شارەوانی باکوری کوردستان (ئامەد، وان، مێردین)، بەفەرمانی راستەوخۆی ئەردۆغان ئەنجامدراو کەوتە ئەم چوارچێوەیەوە.

هاوکات ئەو روداوە تارادەیەکی زۆر روداوێکی چاوەروانکراویش بو، بەتایبەت دوای ئەوەی لە سەروبەندی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا (رەجەب تەیب ئەردۆغان) لە میتینگی ئەکەپە لە پارێزگای یۆزگات لە رۆژی ٢٥ی شوباتی ٢٠١٩ رایگەیاند "ئەو توانایەی دەوڵەت دەیخاتە بەردەستتان، ئێوە رەوانەی قەندیلی دەکەن، ئێوە دەڵێن ئەو شارەوانییانەی کە لە رێگای قەیوم زەوتکراون و جارێکی دیکە دەیانبەینەوە. ئەگەر هاوڵاتیانم دەرفەت بە بردنەوەتان بدەن، ئەوا ئێمەش یەکسەر بەبێ چاوەڕوانی جارێکی دیکە قەیوم دادەنێینەوە. بەڵێ بەم شێوەیە درێژە بە رێگاکە دەدەین" .

ئەم قسانەی ئەردۆغان لەو کاتەدا ئاماژەیەکی رون بو بۆ درێژە پێدان بە سیاسەتی قەیوم لەدوای هەڵبژاردنەکانی ٣١ ئازاری ٢٠١٩. وەک بینیشمان چوار مانگ دوای هەڵبژاردنەکە، قسەکانی ئەردۆغان، وەک لە یۆزگات بەڵێنیدا، چونە بواری جێبەجێکردنەوە.

## ئۆپەراسیۆنەکانی ١٩ ئاب دژ بە شارەوانیەکانی هەدەپە

کاژێر٦ی بەرەبەیانی ڕۆژی دوشەممە ١٩ی ئابی ٢٠١٩ هێزە ئەمنییەکانی تورکیا ئابڵۆقەی باڵەخانەی هەرسێ گەورە شارەوانییەکەی باکوری کوردستان (ئامەد، وان و ماردین)یان دا . بەفەرمانی سەرۆکی وڵات و جێبەجێکردنی وەزارەتی ناوخۆ هەریەک لە (عەدنان سەلجوق مزراکلی سەرۆکی گەورەشارەوانی ئامەد، بەدیعە ئۆزگۆکچە ئەرتان سەرۆکی گەورەشارەوانی وان و ئەحمەد تورک سەرۆکی گەورەشارەوانی ماردین)یان بە بە تۆمەتی پشتیوانیکردنی تیرۆر لە کارەکانیان دور خستنەوە.

لەوبارەیەشەوە وەزارەتی ناوخۆی تورکیا لەراگەیەندراوێکدا لەوبارەیەوە رایگەیاند "بەپشت بەست بەمادەی ٤٧ی یاسای شارەوانییەکان ژمارە ٥٣٩٣ و مادەی ١٢٧ی دەستوری تورکی ئەم رێوشوێنانە گیراونەتە بەر. بریاردراوە سەرۆکی هەر سێ گەورەشارەوانی (ئامەد، وان، ماردین) لەسەر بنەمای بەڵگەکان کەدەیسەلمێنیت پەیوەندییان بە ڕێکخراوی تیرۆریستییەوە هەبووە توانای

شارەوانییەکانیان بۆ خزمەتکردنی پەکەکە تەرخانکردوە، لەکار لادراون. هاوکات پشت بەست بەمادەی ٤٥ی یاسای شارەوانییەکان سەرۆك شارەوانی بە وەکالەت لە شوێنەکانیان دانراون".

لێرەشدا دەردەکەوێت دیارترین پاساو بۆ لادانی ئەو سێ بەرپرسەی هەدەپە، بریتییە لە هەبونی بەڵگە لەسەر هاوکاری کردنی ماددی پەکەکە لەلایەن سەرۆکی ئەو سێ شارەوانییەوە.


دەربارەی ئەم بابەتە (ڕەجەب تەییب ئەردۆغان) سەرۆک کۆماری تورکیا رۆژی ٢٣ی ئاب لە میانی بەشداریکردنی لە رێوڕەسمی دەرچونی چەند ئەفسەر و پلەدارێکی سەرۆکایەتی ئەکادیمیای ئاسایشی کەنار دەریا لەئەنقەرە رایگەیاند "ئەو پارەیەی لە باج و ئارەقەی ناوچەوانی میللەتەوە کۆکراوەتەوە، ئەوان لەبری خەرجکردنەوەی بۆ خەڵک رەوانەی قەندیلی دەکەن، ئێمە ناتوانین سەیریان بکەین کە ئەوان دەینێرنە شاخ. ئەگەر ئەوان لە بری خەڵک، خزمەت بە تیرۆریستان بکەن و رۆڵەی شەهیدەکانمان فرێ بدەنە بەر دەرگای شارەوانی، ئەوا ئێمەش ئەوان فرێ دەدەینە بەردەم دەرگا".

لەلایەن خۆیانەوە بەرپرسانی هەدەپە رەتی دەکەنەوە کە ئەوان پارەی شارەوانییەکانیان بەهەدەر دابێت و باس لەوە دەکەن تەنانەت لەماوەی چوار مانگ و نیوی دەستبەکاربونیاندا، تەنها قەرزی کەڵەکەبوی رابردوی قەیومەکانی حکومەتیان داوەتەوە. لەم بارەیەوە (سەلچوک مزراکلی) سەرۆک شارەوانی ئامەد، دەڵێ "بەڵگەمان لەبەردەستدایە کە چۆن بە واژۆیەکی قەیومەکەی پێشو ئێستای ئامەدە، بە ملیۆنەها لیرە بەهەدەردراوە وخەرجکراوە. بۆ نمونە تەنها لەئامەد بڕی ٧٣ ملیۆن لیرە قەرزیان بەسەر شارەوانیەکەدا بەجێهێشتبو، لەماوەی چوار مانگ ونیوی رابردودا ئێمە تەنها قەرزەکانی ئەوانمان داوەتەوە".

هەر لەم چوارچێوەیەشدا ئێوارەی رۆژی ٢٦ی ئابی ٢٠١٩ تۆرە کۆمەڵایەتیە فەرمیەکانی هەدەپە (فەیسبوک و تویتەر)، چەند بەڵگەیەکیان لەسەر گەندەڵی قەیومەکانی ئەکەپە لەهەرسێ شارەوانی (ئامەدو وان و ماردین) بڵاوکردەوە. بەڵگەکانیش تایبەت بون بە گەندەڵی و بەهەدەردانی سامان و داهاتی هەرسێ شارەوانیەکە لەماوەی سێ ساڵی رابردوی حکومرانی قەیومەکانی ئاکپارتیدا.

هەر بەپێی بەڵگەکانی هەدەپە جگە لەقەیومەکان، هەریەک لە وەزیرانی بەرگری (خەلوسی ئاکار) و وەزیری ناوخۆی تورکیا (سولەیمان سۆیلۆ) دوان لەو وەزیرانەی حکومەتن کە سودمەندبون لەگەندەڵی قەیومەکان.



Sbeiy.com




بەڵگەکانی هەدەپە لەسەر گەندەڵی قەیومەکانی ئامەدو وان و ماردین

وەک لە وێنەکەدا دیارە دۆسیەکان لەونبون و قەرزکردنی پارەوە دەستپێدەکات، تا دەگاتە بەهەدەردانی دارای سێ شارەوانییەکە لەکرینی جل و بەرگ و کەمالیاتی ناوماڵی سێ قەیومەکە، هەتا زیادەرەوی و کرینی خواردەمەنی وچەرەسات و ئەنجامدانی گەشتی وەزیرو قەیومەکان لەسەر حسابی دارایی شارەوانییەکانی باکوری کوردستان.

بەرپرسانی ئاکپارتی، پاساوی تیرۆریان کردوەتە هۆکار بۆ لابردنی سەرۆک شارەوانییەکان. بەو پێیەی ئەو سێ کەسە تەنانەت بەر لەکاندید بونیشیان بۆ شارەوانییەکان دۆسیەی تیرۆریان لەسەر بوە. لە راگەیەندراوەکەی وەزارەتی ناوخۆشدا هاتوە کە دەڵێت " عەدنان سەلچوك مزراكلی-یان کاندید کرد، بەڵام ٩ لێکۆڵینەی جیای تۆمەتی تیرۆری لەسەر بو، ئەحمەد تورك-یان کاندید کرد ٦ لێکۆڵینەوەی تۆمەتی تیرۆری لەسەربو، بەدیعە ئۆزگۆکچە ئەرتان-یان کردە کاندیدی ئەویش ٧ لێکۆڵینەوەی جیای تیرۆری لەسەر بو". لەبەشێکی دیکەی راگەیەندراوەکەی وەزارەتی ناوخۆدا هاتوە "هەر لەگەڵ دەستبەکاربونیان، سەرۆك شارەوانییەکانی گەورەشارەکانی دیاربەکر، ماردین و وان دەستیانکرد بە پەیڕەوکردنی هاوسەرۆکی و لەژێر ناوی جۆراوجۆردا کاریان بەو کارمەندانەی پێشوی شارەوانی کرد کە بە هۆی پەیوەندییان بە پەکەکەوە لەکار دورخرابونەوە، هاوکات هەلی کاریان بۆ کەسوکاری چەکدارانی پەکەکە دەستەبەرکردوە و هەوڵیان داوە پشتیوانی ماددییان بکەن".
لەم بارەیەشەوە (ئیبراهیم کالن) وتەبێژی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا "لە ماوەی چوار مانگ و نیوی دوای هەڵبژاردنیان لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی وەزارەتی ناوخۆ و پشت بەست بەبەڵگەکان دژی هەرسێ سەرۆک شارەوانیەکە ئەو بریارە دراوە".
سەرەرای راگەیەندراوەکەی وەزارەتی ناوخۆی تورکیاو وتەکانی بەرپرسانی ئەو وڵاتە لەبارەی پەیوەندی سەرۆکی شارەوانیەکان بە پەکەکەوە،بەڵام بڵاوبونەوەی نوسراوێکی تایبەتی وەزارەتی ناوخۆی تورکیا، کە لەدوای لابردنی سەرۆکی سێ شارەوانیەکە بڵاوکرایەوە، ئەوە دەردەخات کە ئاکپارتی یەک رۆژ دوای هەڵبژاردنەکان، واتە لە ١ نیسانی ٢٠١٩وە نەخشەی بۆ بە قەیوم کردنی شارەوانیەکانی باکوری کوردستان دارشتوە.
نوسراوەکە دەریدەخات کە هێشتا ٢٤ کاتژمێر بەسەر هەڵبژاردنەکاندا نەڕۆشتبوە، کە وەزارەتی ناوخۆ ئامادەکارییەکانی بۆ بە قەیوم کردنی سەرۆک شارەوانییەکانی هەدەپەدا دەستپێکردوە.
وەک لەبەڵگەکەدا دەردەکەوێت یەک رۆژ دوای هەڵبژاردنەکانی ٣١ی ئازار، واتە لە بەرواری (١)ی نیساندا بەپێی نوسراوێکی فەرمی وەزارەتی ناوخۆی تورکیادا داوایەک ئاراستەی قائیمقامی دیاربەکر (ئامەد) کراوە کە دەست بکات بە لێکۆڵینەوەو دۆسیەیەک ئامادە بکات، لە ژیان و چالاکیەکانی (سەلچوک مزراکلی) سەرۆکی هەڵبژێردراوی شارەوانی دیاربەکر لەماوەی سالانی ٢٠١٧ و ٢٠١٨ و ٢٠١٩. لەمبارەیەشەوە (محەمەد ئەمین ئاکتار) پارێزەری سەلچوک مزراکلی دەڵێت " لەگەڵ ئاشکرا بونی ئەو بەڵگەنامانەدا بە تەواوی ئەوە یەکلا بوەوە کە بڕیارە بە تەواوی بڕیارێکی سیاسییەو پێشتر نەخشەرێژی بۆ دانانی قەیومەکان کراوە".



T.C.
İÇİŞLERİ BAKANLIĞI
İller İdaresi Genel Müdürlüğü

Sayı :92595350-250/
İNS:2019.21.878/
Konu :Görevden Uzaklaştırma

BAKANLIK MAKAMINA

Diyarbakır Valiliğinin 01.04.2019 tarih ve 8195 yazısı ile 07.08.2019 tarih ve 18901 sayılı yazısı ve eklerinde;

1- Diyarbakır Büyükşehir Belediye Başkanı Adnan Selçuk MIZRAKLI (T.C. Kimlik No: 62095355274) hakkında "Silahlı Terör Örgütü Kurma veya Yönetme" suçundan Diyarbakır 9. Ağır Ceza Mahkemesinin 2017/129 Esas sayılı dava dosyasında yapılan yargılamanın halen devam ettiği,

2- "Silahlı Terör Örgütüne Üye Olma" suçundan Diyarbakır Cumhuriyet Başsavcılığının 2019/30425 sayılı soruşturmasının derdest olduğu,

3- Diyarbakır Cumhuriyet Başsavcılığının "Terör Örgütü Propagandası Yapmak, Suçu ve Suçluyu Övmek" suçlarından aşağıda belirtilen dosyalarının,

a- 2018/42639 sayılı dosyasının Ankara Cumhuriyet Başsavcılığının 2018/7592 sayılı soruşturma dosyasında derdest olduğu,

b- 2018/49774 sayılı dosyasının Ankara Cumhuriyet Başsavcılığının 2019/111869 sayılı soruşturma dosyasında derdest olduğu,

c- 2018/55570 sayılı dosyasının Ankara Cumhuriyet Başsavcılığının 2019/106124 sayılı soruşturma dosyasında derdest olduğu,

ç- 2018/55646 sayılı dosyasının Ankara Cumhuriyet Başsavcılığının 2019/111864 sayılı soruşturma dosyasında derdest olduğu,

d- 2018/68127 sayılı dosyasının Ankara Cumhuriyet Başsavcılığının 2019/111876 sayılı soruşturma dosyasında derdest olduğu,

e- 2018/71966 sayılı dosyasının Ankara Cumhuriyet Başsavcılığının 2019/111845 sayılı soruşturma dosyasında derdest olduğu,

4- "Terör Örgütü Propagandası Yapma, Terör Örgütüne Üye Olma" suçundan Diyarbakır Cumhuriyet Başsavcılığının 2019/28838 sayılı soruşturmasının derdest olduğunun anlaşıldığı,

Bu nedenlerle adı geçenin görevden uzaklaştırılmasının uygun olacağı belirtilmektedir.

Ayrıca, Bakanlığımızca adı geçen hakkında;

5-Diyarbakır Büyükşehir Belediye Başkanı Adnan Selçuk MIZRAKLI'nın, kendisinden önceki dönemde terör örgütü bağlantısı nedeniyle iş akdi feshedilen kişileri göreve başlattığı, Belediye üst yönetiminde terör örgütü ile bağlantılı olan kişi/kişileri görevlendirdiği, Belediyede paralel bir yapılanma kurarak Belediye personeli olmayan ve terör suçlarından yargılanan kişileri etkin olarak kullandığı, bahse konu kişiler aracılığı ile Belediye Başkan Vekili (Kayyum) döneminde Belediyeye iş yapan firmaların tehdit edildiği ve bu firmalardan haraç istendiği,

Kavaklıdere Mahallesi Atatürk Bulvarı No:191 06680 Bakanlıklar/ Ankara
Telefon No: (312)422 40 00 Faks No: (312)418 10 76
e-Posta: posta@illeridaresi.gov.tr İnternet Adresi: http://www.illeridaresi.gov.tr

Bilgi için: Zehra ÇİÇEK DOĞAN
BİLGİSAYAR İŞLETMENİ
Telefon No: (312)422 49 74

6-Diyarbakır Büyükşehir Belediyesince bir caddeye terör suçundan ceza alan bir kişinin isminin verilmeye çalışıldığı,

7-Diyarbakır Büyükşehir Belediye Başkanının göreve başlaması ile birlikte mevcut belediye mevzuatı ve hukuk sistemimizde yer almamasına rağmen fiilen sözde eşbaşkanlık uygulamasına geçildiği, Belediye Başkan Vekili (Kayyum) görevlendirilmelerinin olduğu dönem ile ilgili çeşitli söylemler kullanılarak halka yasadışı eylem çağrısı yapıldığı, Belediye Başkan Vekili döneminde işe alınanların iş akitlerinin feshedildiği hususları ile ilgili olarak 4483 sayılı Memurlar ve Diğer Kamu Görevlilerinin Yargılanması Hakkında Kanun kapsamında soruşturma süreci devam etmektedir.

Anayasanın 127 nci maddesinin dördüncü fıkrası ile 5393 sayılı Belediye Kanununun 47 nci maddesi gereğince Diyarbakır Büyükşehir Belediye Başkanı Adnan Selçuk MIZRAKLI (T.C. Kimlik No: 62095355274)'nın geçici bir tedbir olarak görevden uzaklaştırılmasını müsaadelerinize arz ederim.

Ali ÇELİK
Genel Müdür

Uygun görüşle arz ederim.
..../..../2019

Muhterem İNCE
Vali
Bakan Yardımcısı

OLUR
19/08/2019

Süleyman SOYLU
Bakan

Kavaklıdere Mahallesi Atatürk Bulvarı No:191 06680 Bakanlıklar/ Ankara
Telefon No: (312)422 40 00 Faks No: (312)418 10 76
e-Posta: posta@illeridaresi.gov.tr İnternet Adresi: http://www.illeridaresi.gov.tr

Bilgi için: Zehra ÇİÇEK DOĞAN
BİLGİSAYAR İŞLETMENİ
Telefon No: (312)422 49 74

2/2

لەلایەکی دیکەوە (سولەیمان سۆیلو- وەزیری ناوخۆی تورکیا) لە میانەی پرۆگرامێکی تەلەڤزیۆنیدا باسی لەهۆکارێکی دیکەی لادانی سێ سەرۆک شارەوانیەکە کردو گوتی"سیستەمی هاوسەرۆکایەتیی پەکەکە لە تورکیا جێگیرناکرێت، ئەوە دژی دەستور و دەوڵەتە، هاوسەرۆک واتا ململانێکردنی دەوڵەت، بە مانای داننەنان بە دەوڵەتدا. بەڵێ ئەمانە بە پەکەکەوە بەندن. کاری منیش وەکو وەزیری نێوخۆ ئاشکراکردنی ئەمانەیە".

سۆیلو گوتیشی "سەیرکەن بزانن سەرۆکی شارەوانیی وان چەند رۆژ لە شوێنی خۆیدا بوە؟ زۆرجارهاوسەرۆک کارەکانی رایی کردوە"، هاوکات باسی لەوەکرد دانانی قەیومەکان بابەتێکی تەواو یاساییەو پێویستی دۆخەکە ئەوەی خواستەوە کە ئەنجامیانداوە.

بەم جۆرە سولەیمان سۆیلۆ یەکێکی دیکە لەهۆکارەکانی دورخستنەوەی سەرۆک شارەوانییەکان هەدەپەی، گێرایەوە بۆ کارکردن بە سیستمی هاوسەرۆکی، کە بە سیستەمێکی سەرۆکایەتی و داهێندراوی پەکەکە ناسراوە.

لەوەڵامی قسەکانی سۆیلۆدا، (سێزای تەمەللی) هاوسەرۆکی هەدەپە لەگردبونەوەکەی رۆژی ٢٢ی ئاب لە ماردین لەبارەی سیستەمی هاوسەرۆکی رایگەیاند "هاوسەرۆکایەتی بەشێکە لە "پرۆژەی یەکسانی ڕەگەزی کۆمەڵایەتی" بەڵێ، سیستەمی هاوسەرۆکایەتی لای هەدەپە هەیە. سیستەمی هاوسەرۆکایەتی تاوان نییە، ناتوانێت تاوان بێت. بە پێچەوانە، دەربڕینی نارەزایەتیە لە بەرامبەر بە نەبو هەژمار کردنی ئافرەت و توندوتیژی لە بەرامبەر ئافرەت. ئەوە تێکۆشانی رزگاری ئافرەتە. لە هەر شوێنێک بێت بە یەکسانی کار دەکات بۆ هێنانەدی یەکسانی ڕەگەزی کۆمەڵایەتی. هاوسەرۆکایەتی ئەوەیە کە ئێوە دژایەتی دەکەن".
هاوکات (ساروخان ئۆلوچ) سەرۆکی فراکسیۆنی هەدەپە لەبارەی لێدوانەکەی سولەیمان سۆیلو لەسەر قەیومەکان، کە وتبوی "بڕیارێکی حقوقی و یاساییە"، رایگەیاند "بڕیارەکە، بڕیارێکی تەواو سیاسییە و یەکەم بڕیار و هەنگاویان بۆ داگیرکردنی شارەوانییەکان لە ١ی نیسانی ٢٠١٩ دا دەرکردوە، چونکە یەک رۆژی دوای هەڵبژاردن بڕیاریانداوە قەیوم لە شوێنی هاوسەرۆک شارەوانییەکان دابنێن و ئەوەش نیشانی دەدات، کە بڕیارەکەیان، بڕیارێکی تەواو سیاسییە، کەواتە قسەکردن لە حقوقی بونی بابەتەکە بە تەواوی درۆیە. بابەتەکە تەواو سیاسییە نەک یاسایی".
لەسەر هەمان بابەت (عومەر چەلیک) وتەبێژی ئاکپارتی لەبارەی بڕیارەکەی وەزارەتی ناوخۆی تورکیا دەربارەی دور خستنەوەی سەرۆک شارەوانییەکان نەئاژانسی ئەنادۆڵی رایگەیاند "بەداخەوە لەکاتی روداوی چاڵ هەڵکەندنەکانداو پێشتریش هەندێک لە شارەوانییەکان دامودەزگاو تواناو دەسەڵاتەکانی شارەوانیان خستبویە خزمەت رێکخراوی تیرۆریستانەوەو پشتگیری لۆجیستی تیرۆریستیانیان دەکرد لەو ڕێیەوە. زۆر بانگەواز کرا تاکو ئەمە دوبارە نەکرێتەوە. خۆی دەبێت لەبنەڕەتدا ئەوانەی بە دەنگی خەڵک هەڵبژێردراون، لەچوارچێوەی یاساکانی دەوڵەتی یاسادا خزمەت بە خەڵک بکەن. بەڵام هەمان ئەو دەنگۆیانەی لەبارەی تیرۆرەوە دەکران و پێشتر رویاندابو، بەداخەوە دیسان لەلایەن سەرۆک شارەوانییەکانەوە دوبارە کرایەوە. هەربۆیە بە لەبەرچاوگرتنی بنەماکانی دەوڵەتی یاسا، ئەم کەسانە لە ئەرکەکانیان دورخرانەوە".

## لێکەوتەکانی پاش بە قەیوم کردنی شارەوانییەکان

ڕۆژی ١٩ی ئاب دوابەدوای بڕیاری لادانی سەرۆک شارەوانییەکان، لەهەرسێ شارە گورەکە (ئامەد وان و ماردین) خۆپیشاندان و نارەزایەتی هاوڵاتیان دەستی پێکرد. لەبەرامبەردا پۆلیس و هێزە ئەمنییەکانی تورکیا دەستیانکرد بە ئۆپەراسیۆنی بەرپەرجدانەوەی خۆپیشاندانەکان و دەستگیرکردنی ئەندام و چالاکانی کورد لەهەرسێ شارەوانییەکە.

بەپێی ڕاگەیەنراوی وەزارەتی ناوخۆی تورکیا لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩ی ئابەوە لە (٢٩) شارو شارۆچکە ئۆپەراسیۆنی سڕینەوەی تیرۆر دەستپێکرد، لەو چوارچێوەیەشدا تەنها لەڕۆژی یەکەمی ئۆپەراسیۆنەکەدا (٤١٨) کەسیان دەستگیرکرد، کە زۆرینەیان لایەنگرانی دەبەپەو ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی هەدەپە بون.

هەمان ڕۆژ، بە فەرمانی سەرۆک کۆمار (ڕەجەب تەیب ئەردۆغان)، بڕیاردرا لە شوێنی هەرسێ گەورەشارەوانییەکەی باکوری کوردستان (ئامەد و وان و ماردین)ی هەدەپە، سێ قەیوم دابنرێت بۆ بەڕێوەبردنی و کاروبارەکان، بەناوەکانی (حەسەن باسری گوزەل ئۆغلو والی یاخود پارێزگاری ئامەد بۆ گەورەشارەوانی ئامەد، محەممەد ئەمین بیلمەز پارێزگاری وان بۆ گەورە شارەوانی وان، موستەفا یامان پارێزگاری مێردین بۆ گەورە شارەوانی مێردین).

لەیەکەم هەنگاوی دەستبەکاربونیشیاندا قەیومەکان چەند بڕیارێکیان دەرکرد، لەوانەش:

- ✓ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی شارەوانییەکانی (ئامەد و وان ومێردین).
- ✓ دورخستنەوەی ژمارەیەک لە کارمەندی شارەوانییەکان.
- ✓ دامەزراندنی لیژنەیەك بە تەواوی دەسەڵاتەوە لەبری ئەنجومەنی شارەوانییەکان لەهەرسێ شارەوانییەکە.
- ✓ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی هاوسەرۆکانی شارەوانییەکانی سێ شارەکە.
- ✓ ڕاگرتنی سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی شارەوانییەکان.
- ✓ دانانی بەربەستی بەردین و ئاسنین لە بەردەم باڵەخانەی شارەوانییەکان.

دوای دەستبەسەرداگرتنی سێ شارەوانیەکەو کۆنترۆڵکردنی باڵەخانەی شارەوانیەکان و دانانی بەربەستی ئاسنین بۆ جیاکردنەوەیان لەشەقام، هێزە ئەمنییەکان بارەگای سەرەکی هەدەپەیان لە ئامەد گەمارۆداو هێرشیان کردە سەرچالاکەکانی هەدەپە لەبەردەم دەروازەی بارەگاکەدا.

لەسەر ئاستی شەقامیش خۆپیشاندانەکان بەردەوامیان هەبو، پەرلەمانتارانی هەدەپە، لەپیناو پاراستنی گیانی خۆپیشاندەران، خۆیان کردە قەلغانی مرۆیی و لە ماوەی دو ڕۆژی ڕۆژی یەکەمی

خۆپیشاندانەکاندا ٥ پەرلەمانتاری هەدەپە بریندار بون لەدیارترینیان (ئایشە ئاجەر باشەران، سەرپیل کەمالبای، فەلەکناس ئوجە، تولای هەتیم ئۆغولار، رەمزییە تۆسون). جگە لە وانیش سەرۆک شارەوانی وان (بەدیعە ئۆزگۆکچە ئارتان) لەلایەن پۆلیسەوە بریندار کرا.

رۆژی ٢١ ئاب، لەبەردەم شارەوانی گەورەی مێردین پێنج رۆژنامەنوسی کورد دەستگیرکران لەلایەن پۆلیسەوە کە سەرقاڵی روماڵکردنی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانی هاوڵاتیانی ماردین بون.

لە بەردەوامی ئۆپەراسیۆنەکانی حکومەتی تورکیا لەباکوری کوردستان، رۆژی ٢٢ ئاب، قائیمقامی شاری ئێلحی سەربە پارێزگای باتمان، موختاری گەرەکەکانی (چای، کۆریک و باغلار و گوندی کۆسەتارلا) لە کارەکانیان دورخستەوە و لە شوێنیان خۆسەپین (قەیوم)ی دانا.

پاش نیوەرۆی هەمان رۆژ، لە پارێزگای ئیزمیر لە رۆژئاوای تورکیا، لە ئۆپەراسیۆنێکدا هێزە ئەمنییەکانی ئیزمیر هەڵیانکوتایە سەر دادگا و سەندیکای پارێزەرانی کورد لەو شارە، سەرئەنجام بەبیانوی ئەنجامدانی خۆپیشاندانی رێگەپێنەدراو بۆ پشتیوانی لە شارەوانییەکانی باکور، (٢٦) پارێزەری کورد لەو شارە دەستگیر کران.

ئێوارەی رۆژی ٢٤ی ئاب لەمیانەی خۆپیشاندانی ژنە چالاکوانانی هەدەپە لە ئیستەنبوڵ هێزەکانی پۆلیس هەڵیانکوتایە سەر گردبونەوەکەوە، لە ئەنجامدا ٢٤ ژنە چالاکوانی نێو خۆپیشاندانەکەیان دەستگیر کردن.

بەم شێوەیە لەماوەی چەند رۆژی رابردوی خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکان لە شارەکانی (ئامەد، وان و مێردین)، بەسەدان کەس لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی تورکیاوە دەستگیرکراو بریندارکراون .نارەزایەتییەکانیش درێژەیان هەیە، تا دێت کاردانەوەی حزب و لایەنە ناوخۆییەکانی کوردستان و تورکیا و دەرەوە فراوانتر دەبن دژ بە هەنگاوەکانی حکومەتی تورکیا دژ بە شارەوانییەکان.

وێنەی روبەروبونەوەکانی نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنیەکانی تورکیا لە خۆپیشاندانی هاوڵاتیانی باکوری کوردستان




REUTERS
POLİS
T23

## هەڵکوتانە سەر بارەگای هەدەپە لەئامەد و برینداربونی پەرلەمانتارەکانی






گردبونەوەی رۆژانەی چالاکان و پەرلەمانتارانی هەدەپە لەسەر شەقامی لیس بەرامبەر شارەوانی ئامەد بۆ دەربرینی نارەزایەتییەکانیان



## کاردانەوەکانی لادانی سەرۆک شارەوانییەکان

بڕیاری لابردنی سەرۆکی سێ گەورەترین شارەوانیەکەی باکوری کوردستان، زۆرترین کاردانەوەی بەدوای خۆیدا هێنا، چ لەسەر ئاستی شەقام، چ لەسەر ئاستی کاردانەوەی پارتە سیاسیەکانی تورکیا، چ لەسەر ئاستی هەڵوێستی وڵاتان و میدیا جیهانییەکان و سەندیکاو ڕێکخراو نێودەوڵەتییەکان. وەک دەبیندرێت لەئێستادا جۆرێک لە کۆدەنگی و هاوسۆزیەکی گشتی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی تورکیا دروست بوە، دژی گرتنەبەری ڕێگاچارەی نادیموکراسی لەلایەن حکومەتی تورکیاوە بۆ ئیدارەکردنی کێشە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتە.

دوابەدوای دەرچونی بڕیارەکە ڕاستەوخۆ بەشێک لەهاوڵاتیانی هەرسێ شارەوانییەکە لە ئامەد و وان و ماردین ڕژانە سەر شەقامەکان و دەستیان بەخۆپیشاندان و دەربرینی نارەزایەتی کرد. لەبەرامبەردا پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان بە توندترین شێوە وەڵامی خۆپیشاندانەکانیان دایەوەو بەدەیان کەسیان دەستگیرکردو دەیانی دیکەشیان لەسەر شەقامەکان بریندار کردن.

عەدنان سەلچوک مزراکلی سەرۆکی شارەوانی ئامەد، دوای بڵابونەوەی هەواڵی دورخستنەوەی لە کارەکەی، لە لێدوانێکیدا بۆ بەشی تورکی ئاژانسی BBC ڕایگەیاند "ئەمەی رویداوە کودەتایەو دەست بەسەر ئیرادەی هاولاتیاندا گیراوە، بۆیە چیتر هاوڵاتیان متمانەیان بە مەسەلەی نوێنەرایەتی کردن و هەڵبژاردن نامێنێت، تورکیاش بەم ڕێکارانە لەڕوی دیموکراسییەوە تەواو پاشەکشە دەکات".

لەلایەکی دیکەوە (ئەحمەد تورک) سەرۆکی شارەوانی ماردین کە ئەمە بۆ جاری دووەمە دەبێتە قوربانی بڕیارەکانی وەزارەتی ناوخۆی تورکیاو قەیوم دەخرێتە جێگەی، بەو پێیەی لەساڵی ٢٠١٦دا بەهام شێوە بەفەرمانێکی وەزاری لەسەرۆکایەتی شارەوانی ماردین لادراو، دواتریش دەستگیرکرا. لەجێگەکەشی قەیومێک بەناوی (موستەفا یامان) کە والی شاری ماردین بو خرایە جێگەی. ئەمجاریش هەمان کەس دوبارە خرایە جێگەی. لای خۆیەوە (ئەحمەد تورک) دەربارەی ڕوداوەکانی ئەم دواییە ڕایگەیاند" ئەوان ئیرادەی خەڵک زەوت دەکەن، بەڵام دەڵێن لەپێناو دیموکراسی ئەم کارانە دەکەین، ڕاست نییە ئەوەی ڕودەدات جگە لە زوڵم و ناهەقی و سەرووەرنەبونی یاسا لەتورکیادا هیچ شتێکی دیکە نییە".

هاوسەرۆکانی هەدەپەش هەڵویستی خۆیان لەبارەی ڕوداوەکەوە دەربری، (پەروێن بوڵدان) لەم بارەیەوە گوتی "ئەمەی ئاکپارتی دەیکات جۆرێکە لەدزی، حکومەتی ئاکەپە بەمەبەستی پەردەپۆشکردنی شکستەکانی خۆی بەتایبەت لە سیاسەتی دەرەوە، هەم لەروی ئابوری و هەم لەڕوی سیاسییەوە، جارێکی تر ئەقڵیەتی زەوتکردن لەرێگەی قەیومەوە بەکاردەهێنێت، ئێمە دان دان بە

ئەقڵیەتی قەیومدا نانێن و قبوڵی ناکەین، لەو پیناوەشدا هەمو کاردانەوەیەکی دیموکراسی نیشان دەدەین و ناهێڵین بەو ئاسانییە ئەکەپە پەلاماری ئیرادەی گەلی کورد بدات".

هاوکات (سێزای تەمەللی) هاوسەرۆکی هەدەپە لە ماردین لە پاش ئەوەی پۆلیس ڕێگەی نەدا وەفدەکەی هەدەپە لە بەردەم شارەوانی ماردیندا رونکردنەوە بدەن، لە یەکێک لە پارکەکانی ماردین قسەیان بۆ میدیاکان کردو گوتی. "ئەم تابلۆیەی ئێستا لەماردیندا دەیبینن وێنەی کودەتایە. هەمومان بەیەکەوە بەردەوام دەبین لە بەرزکردنەوەی دەنگی دیموکراسی دژ بەم وێنەیە. ئێمە لەسەر شەقامەکان بەردەوام دەبین لە لێپرسینەوە دەربارەی ئەمەی کە رودەدات. ئەم بڕیارە کە یاساکانی خۆیان دەخاتە ژێر پێوە جگە لە زۆرداری هیچی تر نییە".

دەستەی بەڕێوەبەریی پارتی دیموکراتیکی گەلان (هەدەپە)ش لەبارەی دەستبەسەرداگرتنی شارەوانیی گەورە شارەکانی ئامەد، وان و مێردین راگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە کە تیایدا هاتبو "ئەمە کودەتایەکی نوێی سیاسییە، هەڵوێستێکی دوژمنانەیە لە دژی ئیرادەی سیاسیی گەلی کورد، وەزارەتی ناوخۆ ناوەندی کودەتاکەیە، بڕیارەکانی دژ بە دیموکراسییە و ناوەندی چەواشەکاریی و زەوتکردنی ئازادی و مافەکانە. لە سەردەمی قەیومەکاندا لەو سێ شارەوانییە هەمو سەرچاوەی شارەوانییەکان دزران، وێرانەیەکیان لە دوای خۆیان بەجێهێشت، وەکو لە راپۆرتی دیوانی ژمێرکاریدا هاتوە، وەزارەتی ناوخۆ و دەسەڵات لە رێگەی قەیومەکانەوە بونەتە ناوەندی گەندەڵکاریی و بەرتیلخۆری. وەک دەبینن ئێستاش لە رێگەی زەوتکردنی ئیرادەی گەلەوە ئەوەی لە سندوقەکان بەدەستیان نەهێنا، دەیانەوێت بە فێڵ و تەڵەکە و توندوتیژییەکانی دەوڵەت بەدەستیبهێنن و ئەوەش بوەتە شتێکی ئاسایی هاوپەیمانیی (ئاکەپە-مەهەپە)، گەلەکەمان هەرگیز ئەو شتانە قبوڵ ناکات، وەکو پێشتر خاوەنداری لە ئیرادە، نوێنەرە هەڵبژارێدراوەکانیان و حیزبەکەیان دەکەن".

لە کۆتایی پەیامەکەشدا هەدەپە بانگەواز ئاڕاستەی هەمو ئەو کەسانە دەکات کە لە (٣١)ی ئازاری ئەمساڵ و (٢٣)ی حوزەیران دەنگیان داوە و کاریان کردوە بۆ سەرکەوتنی دیموکراسی، بێهەڵوێست نەبن، چونکە ئەوەی رویداوە تەنها کێشەی هەدەپە و گەلی کورد نییە، ئەوە کێشەی هاوبەشی هەمو گەلانی تورکیا و هێزە دیموکراسییەکانە، پێویستە بێدەنگ نەبن، چونکە بێدەنگی بە واتای قبوڵکردنی ئەو دۆخەی ئێستای تورکیایە کە ئەکەپە لێی بەرپرسە.

جگە لە هەڵوێستی ئەندام و لایەنگرانی هەدەپە، دژ بەرێوشوێنەکانی حکومەت بۆ دەستبەسەرداگرتنی شارەوانییەکان لەباکوری کوردستان، ئەمجار جیاواز لە ئۆپەراسیۆنی قەیومەکانی ساڵی ٢٠٠٩-٢٠١٤-٢٠١٦ی حکومەتی ئەنقەرە، بازنەی نارەزایەتی و پشتیوانی لەشارەوانییە کوردییەکانی باکور زیادی کرد، بەجۆرێک دەنگی نارەزایەتی لەنێو زۆرێک لە پارتەکانی دیکەی


Sbeiy.com

تورکیاوە بەرزبویەوە، جگە (ئاکپارتی، مەهەپە و پارتی وەتەن)، پارتەکانی دیکەی وەک (جەهەپە، پارتی سەعادەت، هوداپار ...) پشتیوانیان بۆ هەدەپە دوپاتکردووەو نارەزایەتی خۆیان پیشانداوە، دژ بەو هەنگاوانەی حکومەت دژی سەرۆک شارەوانیەکان.

(ئەکرەم ئیمام ئۆغلۆ)، سەرۆکی شارەوانی ئیستەنبوڵ لە پشکی جەهەپە یەکەم کەس بو کە دژی رێوشوێنەکانی حکومەت دەنگی نارەزایەتی هەڵبری و لەرێی تویتەرەوە پەیامێکی بلاوکردەوەو تیایدا نوسی "دانانی نوێنەرانی دەوڵەت لەجێگەی سەرۆکە هەڵبژێردراوەکانی دیاربەکرو وان و ماردین لە هەڵبژاردنەکانی ٣١ ئازار، هیچ تەفسیرێک هەڵناگرێت، ئەوەی لەو شارەوانییانە رویداوە قبوڵ کراو نییە و دژی دیموکراسی و دەنگدان و ئیرادەی خەڵکە".

لەلایەکی دیکەوە، (تونچ سۆیەر) سەرۆکی شارەوانی ئیزمیری سەر بە جەهەپە، نارەزایەتیی بەرامبەر داگیرکردنی شارەوانییەکان پیشانداو بە کارێکی نادروست ناویبرد.

(چەڤیک کیۆز و ڤەلی ئاغبابا)، راوێژکارانی سەرۆکایەتی گشتی جەهەپە، بڕیارەکەیان بە "نایاسایی و دژە دیموکراسیی لەقەڵەم دا".

هاوکات (ئوزگیور ئۆزەر، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی جەهەپە لە پەرلەمانی تورکیا، هەریەکە لە پەرلەمانتارانی ئەو پارتە سەزگین تانرکولو، مەحمود تەنال، گویلسەر تەکین، زەینەب ئاڵتوئۆک، ئاتیلا سەرتەل و ئەحمەد ئاکەن) لەپەیامێکی هاوبەشدا هەڵوێستیان پیشانداوەو رایانگەیاند "ئەو بڕیارە دژە دیموکراسییەو نابێت قبوڵ بکرێت".

لە تویتێکیشدا (گورسەل تەکین) پەرلەمانتاری بازنی ئیستەنبوڵی جەهەپە دەڵێت "ئەوەی لەدیاربەکر و ماردین و وان رویدا، ئاماژەیەکی رونە بۆ رێزنەگرتن لەهەڵبژاردن و دەنگی خەڵک، ئەوەی رویدا کودەتایە بەسەر شەرعیتەیتدا و واتای هەزم نەکردنی دیموکراسییە". هاوکات دەڵێت "وەزارەتی ناوخۆ بوەتە ئامرازێک بەدەست سەرۆکەوە، هەرکات بیەوێت بۆ مەبەستی خۆی و دەستگرتن بەسەر ئیرادەی گەلدا بەکاری دەهێنێت".

(کەمال کلچدار ئۆغلۆ) سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە)ش، لەپەیامێکدا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بڕیاری لابردنی سەرۆک شارەوانییەکانی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) راگەیاند.

کلچدار ئۆغلۆ لە چاوپێکەوتنێکیدا بۆ سایتی (تورکیا ٢٤) ئیدانەی رێوشوێنەکانی حکومەتی تورکیای کرد و رایگەیاند "ئەم کارەی ئێوە کردوتانە لەگەڵ دیموکراسیدا یەک ناگرێتەوە، ئەو کاندیدانەی هەدەپە پێش ئەوەی ببنە کاندید، ناوەکانیان لای دادوەری باڵا بوە، ئەگەر گونجاو نەبونایە بۆ ئەو ئەرکە، بۆچی رێگایان پێدرا خۆیان کاندید بکەن؟. ئەمەی کردوتانە کودەتای سیاسیە بەسەر رای



Sbeiy .com

هاوڵاتیاندا، ئیتر چۆن دەتوانن داوا لە هاوڵاتیان بکەن متمانەتان پێ بکەن و جارێکی بچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان".

(هودا پار) هەرچەندە لەبنەرەتدا پارتێکی کوردییە، بەڵام هیچ کات و لەهیچ پرسێکدا هاورای پارتە کوردییە چەپەکانی باکوری کوردستان نەبوە. بەڵام ئەمجارە هەڵوێستێکی جیاوازی نیشانداو سەبارەت بە دیار کردنی قەیوم بۆ شارەوانیەکانی باکوری کوردستان لەراگەیەندراوێکدا رایگەیاند "شوێنی کەسێک کە هەڵبژێردراوە دیار کردنی کەسێکی تر بۆ ماوەیەک لە لایەن وەزارەت و پارێزگا بابەتێکی یاسایی نییە".

(پارتی سەعادەت) یەکێکی دیکە بو لەو پارتانەی دژی لادانی سەرۆک شارەوانییەکانی هەدەپە دەنگی نارەزایەتی بەرز کردەوە. (تەممەل کەرەمولا ئۆغلۆ) سەرۆکی پارتی سەعادەت لەهەمان رۆژدا لەرێگەی تویتەری خۆیەوە هەڵوێستی خۆی و پارتەکەی خستە رو رایگەیاند "لابردنی سەرۆک شارەوانییەکانی دیاربەکر و ماردین و وان، لێدانە لە ئیرادەی دەنگدەران، ئەوەی کارەی بەرامبەر ئەو سەرۆک شارەوانیانە گیراوەتە بەر نە لەگەڵ دیموکراسی نە لەگەڵ دادپەروەریدا یەک ناگرێتەوە". نارەزایەتییەکان لەم ئاستەدا نەوەستان لە تورکیادا، ئەوەبو هەردو هاورێی دێرینی ئەردۆغان و دامەزرێنەرانی ئاکپارتی، (عەبدولا گول و ئەحمەد داود ئۆغلۆ) لای خۆیانەوە رەخنەیان لەو هەنگاوانەی حکومەتی تورکیا کردو بەرێوشوێنی دژە دیموکراسی ناوزەدیان کرد.

(عەبدولا گویل)، سەرۆک کۆماری پێشوی تورکیا لە تویتێکدا دەربارەی دورخستنەوەی سەرۆک شارەوانیەکانی هەدەپە لەباکوری کوردستان دەڵێت "لابردنی سەرۆک شارەوانییە تازە هەڵبژێردراوەکان، بۆ دیموکراسی تورکیا کارێکی راست و دروست نییە".

(ئەحمەد داودئۆغڵو)ی سەرۆك وەزیرانی پێشوی تورکیاش لە تویتێکدا نارەزایی دژی بڕیارەکەی حکومەت دەربڕی لە تویتەر نوسی "لابردنی سەرۆک شارەوانیە هەڵبژێردراوەکان و دانانی قەیوم لە جێگەیان، پێشێلکردنی رۆحی دیموکراسییە".

لەتوێتێکی دیکەشدا نوسیبوی "ئەمە مافی دەنگدان و هەڵبژاردنە. ئەم بڕیارە ئاشتی کۆمەڵایەتی دەشێوێنێت و هۆکار دەبێت بۆ لاوازبونی بەرەی جەنگی دژ بەتیرۆر، رێگاکانی روبەروبونەوەی تیرۆر لەرێی خواردنی ماف و دەنگی نوێنەران و پێشێلکردنی دیموکراسی بەرهەم نایەت، بەڵکو رێگاکانی سەرکەوتنی سیاسی پێویستی بە راکێشانی پشتیوانی خەڵکە لەرێی سندوقەکانی دەنگدانەوە".

لەسەر ئاستی دەرەوەی تورکیاش، کاردانەوەکانی دژایەتیکردنی بڕیاری دورخستنەوەی سێ سەرۆکە شارەوانییەکەی هەدەپەو دانانی قەییوم لە جێگەیاندا بەردەوامە. رێکخراوی چاودێری مافەکانی



Sbeiy .com

مرۆڤیش (هیومان رایتس ووچ) هاتە ریزی ئەو ڕێکخراوانەی کە بەیاننامەیەکیان دژ بە لەسەرکارلابردنی سێ سەرۆکی شارەوانی سەر بە پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) دەربڕی.

لە بەیاننامەکەی (هیومان رایتس ووچ)دا هاتوە "دورخستنەوەی سەرۆک شارەوانییەکانی سەر بە هەدەپە دەستگرتنە بە سەر دەنگ و ئیرادەی گەلدا و بەهەمو شێوەیەک دیموکراسی لە ناوچەکەدا پەراوێز دەخات. هەر بۆیە پێویستە دەستبەجێ سەرۆکی شارەوانییە کوردەکان بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان".

لەلایەکی دیکەوە (ڕێکخراوی یەکێتیی ئەوروپا) لەسەر هەمان پرس هاتە دەنگ و راگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە. راگەیەندراوەکەدا هاتبو "دورخستنەوەی سەرۆک شارەوانییەکانی ئامەد و وان و مێردین، ڕێزگرتن لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی (٣١)ی ئازار دەخاتە ژێر پرسیارەوە. تورکیا مافی خۆیەتی دژ بە تیرۆر بوەستێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە حکومەتی ئەو وڵاتە ریز لە ماف و ئازادییەکان و سەروەری یاسا بگرێت".

(مایا کۆسیجانیتشن)، وتەبێژی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپاش لە راگەیەندراوێکدا نیگەرانی یەکێتی ئەوروپای نیشاندا بەرامبەر ڕێوشوێنەکانی لابردنی سێ سەرۆک شارەوانی لەتورکیا و رایگەیاند "ئەو هەڵسوکەوتانە زیان بە دیموکراسیەتی تورکیا دەگەیەنێت و جۆرێکە لەدەستدرێژی کردن بۆ سەر مافی دەنگدەران لەو وڵاتەدا".

هاوکات ژمارەیەک ئەندامی ڕێکخراوەکە بەجیا هەڵوێستی خۆیان لەو بارەیەوە راگەیاند. (کاتی پیری) ئەندامی لیژنەی کاروباری دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا لە تویتێکدا دەڵێت"جارێکی دیکە گۆڕینی سەرۆکی شارەوانیەکانی ئامەد و ماردین و وان کە تەنها پێنج ماگە هەڵبژێردراون، واتای ڕێز نەگرتنە لە ئیرادەی خەڵک، ئەی دوای ئەمە چی، ئایا سەرۆکی شارەوانی ئیستەنبوڵ و ئەنقەرەش دەگۆرن؟".

لەلایەکی دیکەوە (ماریا ئارینا)ی بەلجیکی و ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی ئەوروپا رایگەیاند "زۆر نیگەرانم بەرامبەر ئۆپەراسیۆنەکانی پۆلیسی تورکیا دژ بەشارەوانیە هەڵبژێردراوەکان، بەپاساوی روبەروبونەوەی تیرۆر، لای خۆمەوە پشتیوانی هەرسێ سەرۆک شارەوانیەکە دەکەم کە بەدەنگی خەڵک هەڵبژێردران لەهەڵبژاردنەکەی ٣١ی ئازاری ٢٠١٩ی تورکیادا".

هاوکات (مارتینا ئەندرسۆن) سیاسەتمەداری ئێرلەندی و ئەندام پەرلەمانی ئەوروپا لەم بارەیەوە دەڵێت "حکومەتی تورکیا جگە لە دەستگیرکردنی چالاکان و پەرلەمانتارەکانی هەدەپە، ئەمجارەش لەرێگەی گۆڕینی سەرۆک شارەوانیەکان لەرێگەی هێزەوە دەیانەوێ کۆنترۆڵی رۆژهەڵاتی تورکیا بکەن. بۆیە پێویستە ڕێکخراوی یەکێتی ئەوروپا کە بەردەوام پشتیوانی دارای تورکیا دەکات، بێدەنگ نەبێت

له ئاستی چەوساندنەوەی بەردەوامی گەلی کورد و نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانیان لەلایەن تورکیاوە، چونکە ئەوان تەنها لەپێناو دادپەروەریدا تێدەکۆشن".
لەسەر ئاستی وڵاتانیش پارتی سۆشیالیستی فەرەنسی (SP) دەربارەی لابردنی سێ سەرۆک شارەوانیە کوردەکە پەیامێکی بڵاوکردەوە کەتیایدا هاتبو " ئێمە نیگەرانین دەربارەی بەکارهێنانی هێز لەلایەن حکومەتی تورکیاوە دژ بە هەدەپە، ئەوەی رویداوە کودەتایە بەسەر دیموکراسیەتدا". هاوکات لەبەشێکی دیکەی پەیامەکەدا هاتوە "جەنگی دژ بەتیرۆر، پاساو نیە بۆ هێرشکردنە سەر دیموکراسیەت و چەوساندنەوەی گەلی کورد، بۆیە پێویستە لەسەر فەرەنساو وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا ئیدانەی ئەو کارەی تورکیا بکەن".
لەبەریتانیاش (جێرێمی کۆربین)ی سەرۆکی پارتی کرێکارانی بەریتانی، کاردانەوەی بەرامبەر لەسەرکارلادانی سێ سەرۆک شارەوانییەکەی باکوری کوردستان دەربڕی. کۆربین لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەردا نوسیبوی "دەستگیرکردنی سیاسەتمەدارانی هەدەپە و خۆپیشاندەران مایەی قبوڵ کردن نییە. پێویستە تورکیا ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ و سەروەری یاسا بگرێت و چیتر سوکایەتی بە دیموکراسیی وڵاتەکەی نەکات ".
لە ئەڵمانیش (کاتیا کیپینگ) هاوسەرۆکی پارتی چەپی لەوبارەیەوە بۆ ئاژانسی هەواڵی فەرەنسا (AFP) لەبارەی بێدەنگی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەڵمانیا و لێدوان نەدان لەسەر قەیومەکانی بەشەرمەزاری وەسفکردو رایگەیاند "داوای لە هایکۆ ماس وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەڵمانیا دەکەم، بۆ شەرمەزارکردنی قەیوم لە تورکیادا، بانگی بالیۆزی تورکیا بکەن لە بەرلین. (کیپینگ) وتیشی: "ماس دەبێت ئەو پەیامە بداتە باڵیۆزی تورک کە ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیا تەنیا نین و دیموکراتەکانی ئەڵمانیا پشتیوانیان دەکەن".
هاوکات سەرۆکی شارەوانی کارلسروەی ئەڵمانیا (فرانک مینترۆپ)، بەهەمان شێوەی داوای کرد وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا بانگێشتی باڵویزی تورکیا بکات لەو وڵاتەو نیگەرانی ئەڵمانیان لەو بارەیەوە پێ رابگەیەنێت.
لەلایەکی دیکەوە (مۆرگان ئۆرتاگۆس)ی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا دەربارەی لادانی سەرۆک شارەوانیەکانی هەدەپە هەڵوێستی ئەمەریکای خستەڕو و رایگەیاند "لادانی سەرۆک شارەوانییە هەڵبژێردراوەکانی ناوچە کوردییەکان و دانانی فەرمانبەری حکومی لەلایەن حکومەتی تورکیاوە، جێگەی نیگەرانی ئێمەیە."هەروەها داوایکرد، تورکیا کێشەکانی بەرێگا چارەی دیموکراسی چارەسەر بکات، بەتایبەت لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی کورد لەو وڵاتەدا.


Sbeiy .com

خۆپیشاندان و دەستگیرکردنی ژنانی هەدەپە لە ئیستەنبوڵ



## دەستگیرکردنی پارێزەرانی کورد لە ئیزمیر




## ڕێپێوانی چالاکانی هەدەپە لە شارەوانی مێردین



## دەرئەنجامی دۆخەکە

راستە لەئێستادا تەنها سێ گەورەو شارەوانی باکوری کوردستان بەر هەڵمەتەکانی قەیوم کەوتون، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە ئەم ئۆپەراسیۆنە تەنها لەو ئاستەدا دەوەستێت. ئەگەر زۆرە دوابەدوای جێگیرکردنی قەیومەکان لەو سێ شارەوانییەو کۆنترۆڵکردن و سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان. حکومەتی تورکیا، روبکاتە ٥٥ شارەوانیەکەی دیکەی هەدەپەو ئەوانیش بەو دەردە دەبات. هاوشێوەی هەڵمەتەکانی ساڵانی ٢٠١٥ تا ٢٠١٨ کە لەکۆی ١٠٢ شارەوانی بەدەپە ٩٦ شارەوانیان بە قەیوم کۆنترۆڵکران.

لەئێستاشدا ئاماژەکانی ئەم خواستە بەدەر کەوتون، بۆ نمونە یەک رۆژ دوای لەسەرکارلادانی سەرۆکی شارەوانیەکانی ئامەد و وان و مێردین، (ئەیهان بیلگەن)ی سەرۆک شارەوانی پارێزگای قارسی سەر بە هەدەپە، لە رێی پارێزەرەکانییەوە ئاگادارکرایەوە کە لایەن داواکاری گشتی تورکیاوە بانگهێشت کراوە بۆ لێکۆڵینەوە و وەرگرتنی وتەکانی.

بیلگەن لە پاش بیستنی بڕیارەکە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەردا نوسی "بیستم کە بە تۆمەتی دروستکردن و بەڕێوەبردنی گروپی چەکداری بانگهێشت کراوم، ئەگەر دەیانەوێت قەیوم لە قارس دابنێن، ئەوا ناوی چەند کەسێکیان بۆ پێشنیار دەکەم کە ساڵانێکە چاو لە تاڵانکارییەکانی ئەم شارە دەپۆشن".

لەلایەکی دیکەوە ئەگەر هەیە دوا بەدوای شارەوانیەکانی هەدەپە، ئاکپارتی روبکاتە شارەوانییەکانی جەهەپەش. لە ئێستادا بەرپرسانی جەهەپەش ئەو گومانەیان لەلا دروستبوە. بۆ نمونە (گورسەل تەکین)ی پەرلەمانتاری جەهەپە لە ئیستەنبوڵ لەتویتێکدا دەربارەی ئۆپەراسیۆنەکانی حکومەتی تورکیا دژی سەرۆک شارەوانییەکانی هەدەپە دەڵێت "بیستومە سەرەی قەیوم دەگاتە ئیستەنبوڵ و ئەنقەرەش". ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ گواستنەوەی مۆدێلی کۆنترۆڵکردنی قەیومی ئاکپارتی لە شارەوانیەکانی هەدەپەوە بۆ دەستبەسەرداگرتن بەسەر شارەوانیە گەورەکانی جەهەپەشدا.

ئەمەش دەریدەخات کە جەهەپە ترسی ئەوەی لێنیشتوە، کە ئاکپارتی دوبەدوای شارەوانیەکانی هەدەپە، روبکاتە شارەوانیەکانی جەهەپەش. بەتایبەت سێ گەورە شارەوانیەکەی تورکیا (ئیستەنبوڵ و ئەنقەرەو ئیزمیر) کە ئێستا لەدەستی سەرۆک شارەوانیەکانی جەهەپەدان. تەنانەت لەم کاتەدا هەست بەوە دەکرێت کە حکومەتی مەرکەزی تورکیا لە ئەنقەرە، جۆرێک لە سیاسەتی پەراوێزخستن لەدژی ئەو شارەوانیانەی جەهەپە بەکار دەهێنێت. بەدیاریکراویش لەدژی (ئەکرەم ئیمام ئۆغڵۆ)ی سەرۆک شارەوانی ئیستەنبوڵ بۆ نمونە لە جەژنی قورباندا لە ئیستەنبوڵ بارانێکی زۆر باری و کێشەی

زۆری بۆ هاوڵاتیان و گەشتیارانی ئیستەنبوڵ دروستکرد، لەبەرامبەردا لەزۆرێک لەمیدیاکانی نزیک لە ئاکپارتی کەمپیەنێکی ئیعلامی لەدژی ئیمام ئۆغلۆ جوڵێندراو رەخنەی ئەوە لەناوبراو گیرا، کە لەیەکەم تاقیکردنەوەدا شکستی خواردو نەیتوانی ئیدارەی ئەو دۆخە بەسەرکەوتوی بدات.

دواجار پێشهاتەکانی ئێستا ئەوەمان پێ دەڵێن کە ئەگەر هەیە لەداهاتودا ئاکپارتی بە پاساوی جیا جیا، هەمان سیاسەت و رێوشوێنی دژ بەهەدەپە، لە بەرامبەر شارەوانیەکانی جەهەپەشدا دوبارە بکاتەوە.

# سەرچاوەکان


## کتێب و نوسراوی کوردی

١. گەیلان عەباس، گۆڕانکارییەکانی تورکیاو کاریگەرییان لەسەر پێگەی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی بنکەی ژین، ٢٠١٨، سلێمانی.
٢. گەیلان عەباس، خەباتی پەرلەمانی کورد لە تورکیا، ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی ٢٠١٧.

## کتێب و نوسراوی عەرەبی

١. محمود سمری الرنتیسی، النتخابات البلدیه الرتکیه: تداعیات تتخطی املحی، املرکز العریب ّ لألبحاث ودراسه السیاسات، قطر ١٩ مارس ٢٠١٩.
٢. دستور ترکیا الصادر ١٩٨٢ شاملاً تعدیلاته لغایه ٢٠١١، ترجمه المؤسسه الدولیه للدیموقراطیه و الأنتخابات، ٢٠١٥.
٣. "جنکیز اکتار, الدیمقراطیه" الترکیه فی میزان الانتخابات البلدیه، مجله العرب، العدد ١١٢٣٣، ١٩-١-٢٠١٩- ص٨.
٤. قاضی نبیل عبدالرحمان حیاوی، قانون رعایه القاصرین، رقم ٧٨ لسنه ١٩٨٠ وتعدیلاته، مکتبه القانونیه، بغداد، ٢٠٠٨.

## سایتە کوردییەکان

١. کودەتاکەی تورکیاو کاریگەرییەکانی باری نائاسایی
https://www.sbeiy.com/Details.aspx?jimare=16340
٢. داخستنی دەتەپە؟!، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://archive.sbeiy.com/ku/Inter_Report_Detail.aspx?id=354&cat=1&title=1
٣. دەتەپە بەناوی پارتی ئاشتی و دیموکراسیەوە کاری سیاسی خۆی دەکات، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://archive.sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=22402&cat=1
٤. تورکیا بە یاسای قەیوم سەرۆک شارەوانییەکانی تورکیا دوردەخرێنەوە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
http://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/18082016
٥. کۆمەڵێک بەڵگە سەبارەت بە دورخستنەوەی سەرۆک شارەوانییەکانی هەدەپە ئاشکرابو، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=44027
٦. سەرۆک شارەوانییەکی تری هەدەپە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=43876
٧. وەزیری ناوخۆی تورکیا: دانانی هاوسەرۆکی یەکەکە بۆ شارەوانییەکانی هەدەپە قبوڵنەکراوە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/21082019
٨. ئەنجومەنی شارەوانییەکانی مێردین و وان هەڵوەشێنرانەوە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/22082019
٩. پرۆژەیاساکەی ئاکپارتی بۆ جێگرەوەی باری نائاسایی پەسندکرا، پێگەی ئەلیکترونی:
https://www.rudaw.net/NewsDetails.aspx?pageid=390919
١٠. مێردین، پۆلیس لە خۆپیشاندانەکاندا ٥ ڕۆژنامەنوسی دەستگیر کرد، پێگەی ئەلیکترونی:
https://rojnews.news/%D9%83%D9%88%D8%B1%D8%AF%D8%B3%D8...
١١. ئاکەپە دەستی بەسەر نوسینگەی موختارەکاندا داگرت، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://rojnews.news/%D9%83%D9%88%D8%B1%D8%AF%D8%B3%D8%AA...
١٢. (٢٦)پارێزەری کورد لە ئیزمیر دەستگیرکران، پێگەی ئەلیکترۆنی:

https://www.sbeiy.com/Details.aspx?jimare=16630

١٣. لێدوانی گوتەبێژی ئاکپارتی دەربارەی دورخستنەوەی سێ سەرۆک شارەوانییەکە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.aa.com.tr/ks/٪D8٪AA٪D9٪88٪D8٪B1٪D9٪83٪D9٪8A...

١٤. "هۆکاری هاوبەشی راسپاردنی کەسانی دیکە" پەیوەندی تیرۆرە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.aa.com.tr/ks/٪D٨٪AA٪D٩٪٨٨٪D٨٪B١٪D٩...

١٥. ئۆپەراسیۆن بۆسەر رێکخستنەکانی رێکخراوی تیرۆریستیی پەکەکە\کەجەکە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.aa.com.tr/ks/٪D8٪AA٪D9٪88٪D8....

١٦. ئەردۆغان: "باڵی رۆژهەلاتی رێڕەوی تیرۆر دەشکێنین و ئەم پیلانە گەورەیە تێکدەدەین"، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.aa.com.tr/ks/٪D٨٪AA٪D٩٪٨٨٪D٨٪B١٪D٩٪٨٣٪D٩٪٨A٪D٨٪...

١٧. سەرۆکی فراکسیۆنی هەدەپە: سولەیمان سۆیلو-ی وەزیری ناوخۆ درۆ دەکات، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://anfsorani.com/٪DA٪A9٪D9٪88٪D8٪B1٪D8٪AF٪D8....

١٨. کیپینگ: دەبێت دەربارەی دانانی قەیومەکان باڵیۆزی تورکیا بانگ بکرێت، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://anfsorani.com/٪DA٪A9٪D9٪88٪D8٪B1٪D8٪AF٪D8٪B3٪...

١٩. پاش دو ساڵ درێژ کردنەوە باری نائاسایی تورکیا هەڵگیرا، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=19976

٢٠. تورکیا؛ لەمەودوا هەمورۆژێک باری نائاساییە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=19828

٢١. یەکەم لێدوانی سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر دوای دورخستنەوەی لە کارەکەی، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=43758

٢٢. پەرلەمانی تورکیا بڕیارەکانی ماوەی باری نائاسایی دەکات بە یاسا، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=19689

٢٣. سەرۆک شارەوانی ئامەد هۆکاری دورخستنەوەکەیی ئاشکرا کرد، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=43916

٢٤. رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ ئیدانەی تورکیا دەکات، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=43900

٢٥. ئەحمەد تورک: دان بە ئیرادەی خەڵکیدا نانێن و بەوەش دەڵێن دیموکراسی، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=43787

٢٦. سەرۆکی لە کار لادراوی شارەوانی دیاربەکر وەڵامی ئێردۆغان دەداتەوە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.dailykurdistan.net/?p=44144

## سایتە عەرەبییەکان

١. تاريخ الأحزاب السياسيه الكرديه فى تركيا، على الموقع:
http://www.turkpress.co/node/9827

٢. ٣١مارس ٢٠١٩ تركيا تائج المجالس بالانتخابات المحليه، على الموقع:
https://www.yenisafak.com/ar/yerel-secim-2019/secim-sonuclari

٣. برلمان بلا صلاحيات فى نظام رئاسى جديد، على الموقع:
https://ahvalnews.com/ar/٪D8٪A8٪D8٪B1٪D9٪84٪D9٪

٤. الانتخابات البلديه ومستقبل "نظام الوصايه" فى تركيا، على الموقع:

https://al-ain.com/article/turkey1

٥. الأكراد بين كمال أتاتورك ورجب طيب أردوغان... من ١٩٢٠ إلى ٢٠١٥، على الموقع:
http://www.alhayat.com/Articles/9492901...

٦. المأسئله الكرديه بعد انقلاب ١٩٨٠ ، على الموقع:
http://www.moqatel.com/openshare/Behoth/Siasia21/Akrad/sec072.htm

٧. الأكراد فى الانتخابات التركيه، على الموقع:
https://www.aljazeera.net/specialfiles/pages/dd5beaa6-f80d-4b02-90e3-15eb772e1940

٨. أردوغان: رؤساء البلديات المقالين يخدمون الإرهابيين بدلاً من الشعب، على الموقع:
https://ahvalnews.com/ar/ardwghan-rwsa-albldyat-almuqalyn-ykhdmwn-alarhabyyn-bdlaan-mn-alshb/hzb-alshwb-aldymqraty

٩. الإتحاد الأوروبى: تركيا لا تحترم رأى الناخبين، على الموقع:
https://ahvalnews.com/ar/alathad-alawrwby-trkya-la-thtrm-ray-alnakhbyn/trkya-wawrwba

١٠. أجهزه الأمن تتصدى لمتظاهرين فى ديار بكر، على الموقع:
https://ahvalnews.com/ar/ajhzt-alamn-ttsdy-lmtzahryn-fy-dyar-bkr/hq-altzahr

١١. عاجل ...واشنطن : ما تقوم به الحكومه التركيه بشأن إقاله ٣ رؤساء بلديات امر مقلق جداً
https://xeber24.org/archives/199608

## سایته ئینگلیزییەکان

١. We will not be silenced, we will not be stopped... at the site:
https://www.hdp.org.tr/en/english/statements/we-will-not-be-silenced-we-will-not-be-stopped/13404

٢. Sinn Féin MEP Anderson: The EU must end its silence on Turkish state oppression against the Kurdish people and their democratically elected representatives, at the site:
https://www.hdp.org.tr/en/english/news/news-and-messages-from-others/sinn-f%C3%A9in-mep-anderson-the-eu-must-end-its-silence-on-turkish-state-oppression-against-the-kurdish-people-and-their-democratically-elected-representatives/13448

٣. HRW: Removal of 3 Kurdish Mayors from office violates voters' rights; suspends local democracy in Turkey's major southeast cities, at the site:
https://www.hdp.org.tr/en/english/news/news-and-messages-from-others/hrw-removal-of-3-kurdish-mayors-from-office-violates-voters-rights-suspends-local-democracy-in-turkeys-major-southeast-cities/13419

٤. Maja Kocijancic: Dismissals and detentions of local politicians and appointment of trustees seriously risk damaging local democrac, at the site:
https://www.hdp.org.tr/en/english/news/news-and-messages-from-others/maja-kocijancic-dismissals-and-detentions-of-local-politicians-and-appointment-of-trustees-seriously-risk-damaging-local-democracy/13417

٥. S&Ds: The unjustified decision by Turkish authorities to remove Diyarbakir, Mardin and Van mayors should be reversed, at the site:

https://www.hdp.org.tr/en/english/news/news-and-messages-from-others/sds-the-unjustified-decision-by-turkish-authorities-to-remove-diyarbakir-mardin-and-van-mayors-should-be-reversed/13416

٦. To the Press and the Public, at the site:
https://www.hdp.org.tr/en/english/statements/to-the-press-and-the-public/13261

## سایتە تورکییەکان

٧. 2014 YEREL SEÇİM SONUÇLARI, at the site
https://secim.haberler.com/2014/

٨. Cumhurbaşkanı Erdoğan Yozgat'ta konuştu
https://www.cnnturk.com/yerel-haberler/yozgat/cumhurbaskani-erdogan-yozgatta-konustu-945611

٩. Son dakika… Cumhurbaşkanı Erdoğan Yozgat'ta
https://www.cnnturk.com/video/turkiye/son-dakika-cumhurbaskani-erdogan-yozgatta

١٠. 31 Mart 2019 Yerel Seçim Sonuçları
https://secim.haberler.com/2019/yerel-secimler/

١١. 31 MART 2019 YEREL SEÇİM SONUÇLARI
http://secim2019.ntv.com.tr/

١٢. HDP binasında yakalanan terör şüphelisi tutuklandı
https://www.aa.com.tr/tr/turkiye/hdp-binasinda-yakalanan-teror-suphelisi-tutuklandi/1563473

١٣. Görevden uzaklaştırılan başkanların 'terör' dosyası
https://www.aa.com.tr/tr/turkiye/gorevden-uzaklastirilan-baskanlarin-teror-dosyasi/1561956

١٤. İçişleri Bakanı Soylu: Kırsalda bitirdiğimiz MLKP ile Amerikalılar görüştü
https://www.aa.com.tr/tr/turkiye/icisleri-bakani-soylu-kirsalda-bitirdigimiz-mlkp-ile-amerikalilar-gorustu/1560906

١٥. Üç belediye başkanı terör bağlantısı nedeniyle görevden uzaklaştırıldı
https://www.aa.com.tr/tr/turkiye/uc-belediye-baskani-teror-baglantisi-nedeniyle-gorevden-uzaklastirildi/1559289

١٦. AK Parti Sözcüsü Çelik: Belediye başkanları yanlış yollara tevessül etmişlerdir
https://www.aa.com.tr/tr/politika/ak-parti-sozcusu-celik-belediye-baskanlari-yanlis-yollara-tevessul-etmislerdir/1560613

١٧. Kayyım hazırlığının seçimden bir gün sonra başladığı ortaya çıktı
https://boldmedya.com/2019/08/22/kayyim-hazirliginin-secimden-bir-gun-sonra-basladigi-ortaya-cikti/

١٨. Diyarbakır Valiliği, seçimden bir gün sonra İçişleri Bakanlığı'na yazı yazarak kayyım istemiş
https://t24.com.tr/haber/diyarbakir-valiligi-secimden-bir-gun-sonra-icisleri-bakanligi-na-yazi-yazarak-kayyim-istemis,836015

١٩. Kılıçdaroğlu'ndan kayyım tepkisi: Bu mesele HDP meselesi değil, yapılan milletin iradesine saygısızlıktır

https://t24.com.tr/haber/kilicdaroglu-ndan-kayyim-tepkisi-bu-mesele-hdp-meselesi-degil-yapilan-milletin-iradesine-saygisizliktir,835775
٢٠. Gürsel Tekin: İstanbul ve Ankara için kayyım hazırlığını duyduk
https://www.artigercek.com/haberler/gursel-tekin-istanbul-ve-ankara-kulagimiza-geliyor
٢١. Kayyuma tepkiler sürüyor ….Kipping: Almanya'nın sessizliği rezalet!
https://yeniozgurpolitika.net/kayyuma-tepkiler-suruyor-kipping-almanyanin-sessizligi-rezalet/
٢٢. Ayhan Bilgen savcılığa çağrıldı
https://www.gazeteduvar.com.tr/politika/2019/08/20/ayhan-bilgen-savciliga-cagrildi/
٢٣. Başkan Erdoğan'dan Yozgat'ta önemli açıklamalar
https://www.sabah.com.tr/gundem/2019/02/25/baskan-erdogan-yozgatta
٢٤. Son dakika… Cumhurbaşkanı Erdoğan Yozgat'ta
https://www.cnnturk.com/video/turkiye/son-dakika-cumhurbaskani-erdogan-yozgatta
٢٥. Erdoğan: Vergilerle gelen parayı halka değil Kandil'e gönderenlere seyirci kalamayız
https://www.aa.com.tr/tr/turkiye/erdogan-vergilerle-gelen-parayi-halka-degil-kandile-gonderenlere-seyirci-kalamayiz/1563478

## تویتەکان

١. عەبدولا گویل
https://twitter.com/cbabdullahgul?lang=ar

٢. ئەحمەد داود ئۆغلۆ
https://twitter.com/ahmet_davutoglu?lang=ar

٣. ئەکرەم ئیمام ئۆغلۆ
https://twitter.com/ekrem_imamoglu?lang=ar

٤. تەمەل کەرەمولا ئۆغلۆ
https://twitter.com/t_karamollaoglu?lang=ar

٥. جێرمی کۆربین
https://twitter.com/jeremycorbyn?lang=ar

٦. گورسەل تەکین
https://twitter.com/gurseltekin34?lang=ar

٧. کاتی پیری
https://twitter.com/katipiri?lang=ar

٨. ئەیهان بیلگەن
https://twitter.com/ayhanbilgen